
## چاپکراوی نوێ

(جەمال داوود پێشەنگێکی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستان) ناوونیشانی کتێبێکە لە نووسین و ئامادەکردنی فارس سەعدی، لەم کتێبەدا باس لە ژیانی جەمال داوود کراوە وەك پێشەنگێکی بواری هونەری فۆتۆگراف کە زۆر بە کارامەیی و سەلیقەوە خووی دابووە ئەم هونەرە و کاری لەسەر گەشەپێکردن و پەرەپێدانی کردووە، هەروەها ئەو بەهرەو توانایییە تەکنیکی و زانستی و هونەرییەی لەو هونەرمەندەدا کۆبۆتەوەو بەرجەستە بووە، پێش بەهرەو داهێنانی زۆر لە هونەرمەندانی عێراق و ناوچەکە کەوتووە.یەکەم کەس بووە لە ساڵی ۱۹۵۳ لە هەولێر ستۆدیۆی کارەبایی دامەزراندووە، هەروەها یەکەم فۆتۆگرافەریش بووە کە لە ساڵی ۱۹٦۳ پێشانگای فۆتۆگرافی لە هەولێر کردۆتەوە.

کتێبی (جەمال داوود پێشەنگێکی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستان) بە بەرگێکی قەشەنگ و قەبارە مامناوەند بە (۲۳۲) لاپەڕە چاپکراوەو ئازاد عەبدولواحید ئەرکی نووسینی پێشەکی و پێداچوونەوەی کتێبەکەی لە ئەستۆ گرتووە. دەستخۆشی لە د. فارس سەعدی دەکەین هیوای بەردەوامی لە نووسین و ئەرکی هونەری فۆتۆگرافی بۆ دەخوازین.




مامۆستا تەڵعەت سامان، مرۆڤێك پڕ لەه


کۆبەرهەمی شانۆیی
تەلعەت سامان



# (کۆبەرهەمی شانۆیی)ی هونەرمەند تەڵعەت سامان

بە ئامادەبوونی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن و بەرپرسان و ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند و نووسەر و هونەردۆستان و کەس و کار و خانەوادەی کۆچکردوو، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان رێورەسمێکی شایستەی بۆ رێزگرتن لە روح و شاکار و بەرهەمە هونەرییەکان و بەخششەکانی هونەرمەند و نووسەری کۆچکردوو مامۆستا (تەڵعەت سامان) سازکرد، لە وتەیەکدا بەرپرسی دەزگا بە تێروتەسەلی باسی لە قۆناغەکانی ژیانی ئەو هونەرمەندە پێشەنگە کرد و، ئاماژەی بە هەڵوێست و بوارەکانی هونەری و نیشتمانپەروەریی و کوردایەتیی کرد.

هونەرمەند تەڵعەت سامان پتر لە(٣٠) بەرهەمی شانۆگەریی لە نووسین و دەرهێنانی خۆی هەیە، بەناوبانگترینیان مەم و زین و قەل و رووتە و خەج و سیامەند و حەمەدۆك...تاد، جگە لە (٤٠) دارما لە نووسین و دەرهێنان، دیارترینیان زنجیرە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، گوێزان، سێ کەللە پووچ. تاد... وێڕای دراما و زنجیرەی ئێزگەیی و بەرهەمی دیکە.

هەر لەو رێورەسمەدا وتاری خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و خانەوادەی کۆچکردوو پێشکەش کران. لە کۆتاییشدا لەلایەن بەڕێز مەحمود محەمەد بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان میدالیای رێزلێنان بە خانەوادەکەی بەخشرا، بەرهەمەکانی لە دووبەرگ وەك کۆبەرهەم و دەقی شانویی و دراماکانی چاپکراون لە لایەن خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، فەرەیدون سامانی برای پێشەکیی بۆ نووسیون و ئامادەی کردوون، لەو رێورەسمەدا ناسێنران و دابەشی سەر ئامادەبووان کران.

# ئیدریس بارزانی

## حەکیم بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و هونەرمەند لە چارەسەرکردنیان

**«مـن و ئیدریـس جگـە لـە برایەتـی، ئێمـە رەفیـق بوویـن، ئێمـە تەنیـا بـرای ئـەوە نەبوویـن کـە کـوڕی مـەلا مسـتەفاین، برایەتـی ئێمـە هـی عەقیـدە بـوو، هـی کوردایەتیـش بـوو. کاک ئیدریـس وێنەیەکـی پـاک و بێگـەردی (بارزانـی) بـوو، هەمـوو سـیفاتی لـەودا کـۆ ببوونـەوە.»**

**سەرۆک مسعود بارزانی**

نێچیرڤـان ئیدریـس مسـتەفا بارزانـی لـە دیدارێکی گوڵانـدا پێی گوتیـن: «کاتێك لاو بـووم مەیلی هـزری چەپـم هەبـوو، بـەڵام باوکـم (ئیدریـس بارزانـی) پێـی خـۆش نەبـوو، زیاتـر حـەزی دەکـرد بە بیری نەتەوەیـی کوردسـتانی پـەروەردە ببـم، هـەر بۆیـە شـەهید فەتـاح ئاغـا کـە هـزری کاژیکـی هەبـوو، رایسـپارد تـا لەگەڵـم وتووێـژ بـکات و کاریگەریـی لەسـەرم هەبێـت، تـا منیـش بـە بیـری نەتەوەیـی پـەروەردە بـم».

نێچیرڤان بارزانی لـە گێڕانـەوەی ئـەم بەسـەرهاتە، دوو سیما و خەسڵەتی کاریزمایی ئیدریس بارزانی ئاشکرا دەکات:

١. لەگـەڵ ئـەوەی ئیدریـس بارزانـی باوکیشـی بـووە، بـەڵام تـا ئـەو رادەیـە بـڕوای بـە ئازادیـی بیروبـاوەڕی سیاسـی هەبـووە، کـە ئـەو مافـەی بـە خـۆی نـەداوە زۆر لـە کوڕەکـەی بـکات.

٢. ئیدریـس بارزانـی بـە تەواوەتـی ئـەو قەناعەتـە هزرییـەی لـەلا دروسـت بـووە کە چارەسـەری ریشـەیی بـۆ کێشـەکانی کوردسـتان، تەنیـا بیـری نەتەوەیـی و نیشـتمانیی و کوردبـوون و کوردستانیبوون بـووە.

لێـرەوە ئەگـەر بەراوردێـك لەنێـوان تێگەیشـتنی مسـتەفا بارزانـی بـۆ چارەسـەری کێشـەی گەلـی کوردسـتان و لەگـەڵ تێگەیشـتنی ئیدریـس بارزانـی بـۆ هەمـان کێشـە بکەیـن، ئـەوا دەگەینـە ئـەو قەناعەتـەی چـۆن مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ ئـەوەی مـاوەی ١٢ سـاڵ لـە یەکێتیـی سـۆڤیەتی پێشـان ئـاوارە بـوو، بـەڵام هـەر بیـری نەتەوەیـی و نیشـتمانیی کوردسـتانی بـە چارەسـەری کێشـەکانی گەلـی کوردسـتان دەزانـی، بـە هەمـان شـێوە ئیدریـس بارزانـی وەك قوتابییـەك کـە پـەروەردەی بەردەسـتی مسـتەفا بارزانـی بـووە، هەمـان ئـەو کەسـە بـووە کـە سـەرۆك مسعود بارزانی پێناسـەی کـردووە و دەڵێـت: «کاك ئیدریس وێنەیەکـی پـاك و بێگـەردی (بارزانـی) بـوو، هەمـوو سیفەتی لـەودا کۆببـوووەوە».

ئەگـەر مێـژووی خەباتـی ئیدریـس بارزانـی بـە سـەر دوو قۆناخـدا دابـەش بکەیـن، کـە بریتیـن لـە قۆناخـی شـۆڕشـی ئەیلـول بـە رابەرایەتیـی مسـتەفا بارزانـی و قۆناخـی شـۆڕشـی گـوڵان کـە هـاوڕێ و هـاوکاری سـەرۆك مسـعود بارزانـی-یـە، ئـەوا دەبینیـن لـە قۆناخـی یەکەمـدا، ئـەو پێشـمەرگەیەکی بوێـر و دڵسـۆزی مسـتەفا بارزانـی بـووە و جیا لـەوەی لـە داسـتانە مەزنەکانی شۆڕشـی ئەیلـول رۆڵـی فەرمانـدەی گێـڕاوە، ئـەوا لـە بـواری سیاسیشـدا هەمـوو کات توانیویەتـی بـە شـێوەیەکی زۆر لێهاتووانـە لەسـەر مێـزی دانوسـتاندن داکوکـی لـە مافەکانـی گەلـی کوردسـتان بـکات و، ئـەم لێهاتوویەشـی لـە رێککەوتننامـەی ئـاداری ١٩٧٠ بەرجەسـتە بـوو، کاتێـك سـەرۆکایەتیی شـاندی کوردسـتانی لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدی (بەغـدا) دەکـرد. لـە قۆناخـی دووەمیشـدا کـە قۆناخـی دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـول بـووە، رۆڵ و لێهاتوویـی



و شێوازی سەرکردایەتیی ئیدریس بارزانی زیاتر دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، ئەم قۆناخە جۆرێك لە نائومێدی لای خەڵکی کوردستان و جۆرێك لە غرووری لای داگیرکەرانی کوردستان دروست کردبوو، بەڵام ئیدریس بارزانی کە هەرگیز لە ناو شکستدا نە نائومێد دەبوو، نە لە سەرکەوتنیشدا مەغروور دەبوو، لە یەك کاتدا وەك هاوکار و پشتیوانێکی سەرەکیی سەرۆك مسعود بارزانی و، هەڤاڵێکی خۆنەویستی تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، توانی جارێکی دیکە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان رێك بخاتەوە، بەمەش توانرا هەر ساڵێك دوای نسکۆ شۆڕشی گوڵان رابگەیەندرێت.

قۆناخی دووەم لە ژیان و شێوازی سەرکردایەتیی ئیدریس بارزانی، جیا لەوەی لە رووی سیاسییەوە قۆناخێکی سەخت و ئاڵۆز بوو، لە هەمانکاتدا ئەو جڵەوگیری و یەکرِیزییەی کە کاریزمای مستەفا بارزانی لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دروستی کردبوو، دوای نسکۆ کەوتە جۆرێك لە پەرتەوازەییەوە و، پێویستی بە سەرکردەیەکی وەك ئیدریس بارزانی هەبوو، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نێومالّی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان رێکبخاتەوە، لەم پێناوەشدا ئیدریس بارزانی درێغیی نەکرد و هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرەی جوود، بەرەیەکی نیشتمانی دروست بکات و هێز و لایەنە سیاسییەکان کۆبکاتەوە، دواتریش لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو جارێکی دیکە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەوەگەڕ، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ناو کۆی هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندا بەرەو سەرکەوتن ببات، ئەم هەنگاوەش بووە بەردی بناخە بۆ دروستبوونی بەرەی کوردستانی کە پاشان سەرکردایەتیی راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستانی کرد و سەرەنجام دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دامەزرا.

ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە و بگوترێت، ئەوەیە کە هزر و شێوازی سەرکردایەتیی ئیدریس بارزانی تەنیا بەشێك نییە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و ساڵانە یادی دەکەینەوە، بەڵکو هەنگاوەکانی ئیدریس بارزانی و جەختکردنەوە لەسەر کوردبوون و کوردستانیبوون و یەکرِیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو پێداویستییەیە کە ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە گەلەکەمان پێویستی پێیەتی، درێژەدان بەو هەنگاوانە وا دەکات کە هەموو ساتێك هەست بکەین ئیدریس بارزانی هەر رێگە پیشاندەرە و لەناوماندایە.



# پێگە و ڕۆڵی کوردستان لە سێڕێیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا





**سەرۆ قادر**

**بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان**

وەکـو دیـارە دۆزی کوردسـتان لـە ڕەوایەتیـی خـۆی توانیویەتـی جیهانـی پێشـکەوتووش بگرێتـەوە و ببێتـە جێی بایەخیان. ئیدی کێشـەی کوردسـتان ئێسـتا کێشـەیەکە دونیـا مشـوری لـێ دەخـوات و، فایلێکـە لەسـەر مێـزی هەمـوو دەوڵەتانـی زلهێـز دانـراوە. هەموویـان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە کێشـەی کـوردان لـە هـەر چـوار پارچـە دەبـێ چارەسـەرێکی وای بـۆ بدۆزرێتـەوە تـا چیـدی ئـەو زوڵمـە لـە کـورد نەکرێـت و کێشـەی کوردیـش وەك ئـەوان تەماشـای دەکـەن، نەبێتـە مایـەی تێکچوونـی زیاتـری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

**ئەو دۆخە نوێیە وایکردووە پاراستنی کورد و پێکهاتەیەکی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێ لە دەست جینۆساید و پەلاماری بەردەوام بپارێزرێت**

**لە ناو عێراق و سووریادا پێکهاتەکان لەسەر چارەنووسی وڵاتەکانیان کۆک نین و ئەو ناکۆکییە ناوخۆییە دیسان بۆتە جێی بایەخی دەوڵەتە بەهێزەکانی دونیا کە حزووری عەسکەرییان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت**

**ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە هەڵوێستی سیاسی و ئابووری و سوپایی خۆی بەردەوامە، تا ئێران دەکەوێتە ئەو قاڵبەی غەرب دەیەوێت، ئینجا ئەو قاڵبە رووخانی دەوڵەتی ئێرانی بێ، یان رێکخستنەوە و تەعدیلکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران**

**ئێران توانیویەتی لە رێگەی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمریکا تەنگاو بکات، ئەمریکاش هەوڵدەدات هەموو بایەخی خۆی بگوازێتەوە بۆ کوردستان و پشتیوانی دروستبوونی هەرێمێکی نیوە سەربەخۆی سوننەی عەرەبی عێراق دەکات**

بەم پێیە ئیتر کوردستان کێشەیەکی جیهانییە، تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی یەکێك لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە نییە. هەروەها کێشەی تەنیا بەشێکی کوردستانیش نییە. ئەو دۆخە نوێیە وایکردووە پاراستنی کورد و پێکهاتەیەکی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێ لە دەست جینۆساید و پەلاماری بەردەوام بپارێزرێت.

لە دە ساڵی رابردوودا ئەوەمان بینیوە لە هەر کوێ کورد کەوتبێتە بەر پەلامار، بەشێوەیەك لە شسێوەکان لە راگەیاندنی دونیادا رەنگیداوەتەوە و هەڵوێستی دەوڵەتانی بەدواداهاتووە. تەنیا ئیستسنایەك لەوەدا باکوری کوردستانە، ئەویش لەبەر هەڵوێستی پەکەکەیە لە نەگۆڕینی رێبازی تێکۆشان و روانگای سیاسی و ئایدۆلۆژی، خۆی کەوتۆتە ناو لیستی تیرۆر. حزبێکی تیرۆر هەرچی بەسەری بێت دونیا بەهانایەوە ناچێت. ئەوە وایکردووە جیهانی پێشکەوتوو قسەیەك لەسەر کێشەی کوردی باکور نەکات. بەڵام سێ پارچەکەی دیکە لەژێر میکرۆسکۆپی کاریگەریی جیهانیدایە.

لەلایەکی دیکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بۆ بیست ساڵە شەڕێکی قورسی تێدا بەردەوامە، ئەو شەڕە لە شەڕی نێوان دەوڵەتانەوە تا دەگاتە شەڕی ناوخۆی دەوڵەتە موسڵمانەکانە، ژمارەیەك دەوڵەت رووخان و درووست بوونەوە. رۆژهەڵاتی ئیسلامی یەك بە دوای یەکدا لە داڕماندایە، دوایی لەناو خۆشیاندا وەك پێکهاتەکان و ئەو تەوافوقەی کەوا وەختی کۆلۆنیالیزم بڕیاری لێ دابوو، ئەو تەوافوقەش یەك لە دوای یەك دەڕمێت، دوا نموونەشی دەبینین لە ناو عێراق و سووریادا پێکهاتەکان لەسەر چارەنووسی وڵاتەکانیان کۆك نین و ئەو ناکۆکییە ناوخۆییە دیسان بۆتە جێی بایەخی دەوڵەتە بەهێزەکانی دونیا کە حزووری عەسکەرییان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، چونکە هەر ناکۆکییەك لە بەینی پێکهاتەکان و نەبوونی روانگای هاوبەش بۆ داهاتوو، کاردەکاتە سەر بەرژەوەندیی ئەوان، کەواتە کێشەی کوردستان زۆر بە وردی چۆتە نێو تەونی بەرژەوەندیی جیهانی.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سێ جۆر بەرەنگاربوونەوە هەیە، ئەمانە بریتین لە هەڵوێستی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ ئێران. دووەمیان هەڵوێستی جیهانی عەرەبە بە سەرۆکایەتی سعودییە لە چاکسازیکردنی دینی و کۆمەڵایەتیدا، کە ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە. ئەو چاکسازیکردنەی دینی و کۆمەڵایەتی لە ناو بەرەی ئەمریکادایە بەرابمەر ئێران و ناحەزەکانی ئەورووپا و ئەمریکا. سێیەمین بەرە هەڵوێستی ئێرانە بەرامبەر بە هەر گۆڕانکارییەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبدات و بەرژوەندی ئەوانی تێدانەبێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە.

ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە هەڵوێستی سیاسی و ئابووری و سوپایی خۆی بەردەوامە، تا ئێران دەکەوێتە ئەو قاڵبەی غەرب دەیەوێت، ئینجا ئەو قاڵبە رووخانی دەوڵەتی ئێرانی بێ، یان رێکخستنەوە و تەعدیلکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. ئەمە گەیشتە سنوورێك ئەمریکا بە راستەوخۆ لە فەرماندەی سوپای قودس و دووەمین کەسی کاریگەری ناو ئێران بدات، کە قاسم سولەیمانی بوو، بەهێزترین سەرۆکی حەشدی شەعبیشی لە ناو عێراقدا کوشت، کە ئەبو مەهدی موهەندیس بوو. ئێستا هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئێران و ئەمریکا لە تەنگاوکردنی یەکتر بەردەوام بن، لەو هەنگاوەی یەکەمیشیاندا بەرەکانیان لە ناو عێراق دەستپێکردووە، ئێران توانیویەتی لە رێگەی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمریکا تەنگاو بکات، ئەمریکاش هەوڵدەدات هەموو بایەخی خۆی بگوازێتەوە بۆ کوردستان و پشتیوانی دروستبوونی هەرێمێکی نیوە سەربەخۆی سوننەی عەرەبی عێراق دەکات، ئەمانە وادەکات عێراق دوو بەشی لە دەستی مەرکەز ببێتە دەرەوە، هەروەك دیارە پایەگای سەرەکی ئەمریکا لە کوردستان و لە رووماديیە.

ئەمریکا تەمای نییە لە عێراق دەربچێ، هەروەکو دۆناڵد ترەمپ لە تویتێکدا راگەیاند کە ئامادە نییە پێشنیاری ئێران بۆ گفتوگۆ قبوڵ بکات. لە لایەکی دیکەوە سعودییە ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت گۆڕانکاریی لە روانگای

دینی ئیسلامدا دەست پێ کردووە، دەستی کردووە بە سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی دەوری دین لە ژیانی کۆمەڵگەدا، ئێستا هەنگاوی گەورە بەرەو مەدەنیکردنی ژیانی سعودییە لە ناوخۆی خۆیدا هاتۆتە پێشەوە و مەسەلەی ژنان چارەسەر بووە، خەریکە پێکهاتەکانی نێو سعودییە ئیعترافیان پێ دەکرێ، هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کرانەوە هەنگاوی خێرا دەهاوێت، هەڵبەت ئەوە دیموکراسی ناگرێتەوە. تا ئێستاش لە سعودییەدا باسێك لەسەر هەبوونی دیموکراسی نییە و دونیا جارێ پێویستی بە مەسەلەی تەعەدودییە و دیموکراسی ناو سعودییە نییە، بەڵکو پێویستییان بەوەیە سەرزەمینی موقەدەسی موسڵمانان بکرێتەوە. ئەو کرانەوەیە کاردەکاتە سەر تەواوی جیهانی ئیسلامی و تەواوی وڵاتانی عەرەبی، ئیتر بەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دینی مەسیحییەتدا روویداوە، رێگە کرایەوە بۆ ئەوەی دین لە سیاسەت جیابکرێتەوە و مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ بێنە پێشەوە، ئەو پرۆسەیە لە سعودییە و وڵاتانی ئیسلامیشدا دەستپێکردووە، ئەمە وادەکات هاوپەیمانێتیی سعودیە و ئەمریکا پتەوتر بێت.

گومانی تێدا نییە هەرێمی کوردستان لەگەڵ چاکسازیی دینیدایە، لە کوردستان مێژوویەکی دووروودرێژمان لەگەڵ تەعدیلکردنی ئەحکامی دینی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا هەیە و مەسەلەی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت یەکێك لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و هەرێمی کوردستانیشە، بۆیە کوردستان لەم رووەوە لەگەڵ سعودییەدا لە یەك سەنگەردایە. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی ئێرانەوە هەیە، سێیەمین سیڕیان ئەوەیە کە کوردستان لە ژێر فشاری ئێراندایە کە لە رووی سەربازی هاوکاریی ئەمریکا و سعودیە نەکات و لە عێراقیش جیانەبێتەوە، واتە کوردستان رێی سەربەخۆیی واز لێ بهێنێت. کوردستان بۆ ئەمریکا و ئێران زۆر گرنگە، چونکە ئەو بڵاوبوونەوەی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێکردووە، هەدەفی ئەوەیە دەست بەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگرێت، تا ئێستاکە پێنج دەوڵەتی لەبەردەستدایە کە بریتین لە (عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و بە خۆشیەوە دەکاتە پێنج دەوڵەت)، هەرێمی کوردستان و هەرێمی سوننەی عێراق بۆ ئێران زۆر گرنگن، چونکە ئەو رێگەیەی ئێران دەیەوێت راستەوخۆ بگاتە سووریا و لەناو سووریاوە بگاتە لوبنان و لەسەر سنوورەکانی ئیسڕائیل بگیرسێتەوە، بۆ ئەوەی وەکو خۆی دەڵێ شەڕی کۆتایی لەگەڵ ئیسڕائیل بکات، ئەمریکاش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاڵ پێوە بنێ، کوردستان دەتوانێت ئەم رێگەیە ببڕێت. هەڵبەت هەرێمی سوننەش دەتوانێت بە هاوکاریی کوردستان ئەو رێگا ستراتیژییە عەسکەرییەی ئێران بۆ سووریا کە ئێستا هەیە، دوای ئەوەی کە عێراق موسڵی گرتەوە، ئینجا کرایەوە، ئەمریکا دەیەوێ ئەو رێیە قەتع بکات، وادەکات کە ئێران بکەوێتە تەنگنایییەکی عەسکەری و ئابووری و سیاسیی زۆر قورس. بەو پێیە ئەو سیڕێیانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، کوردستان دژی ئێران ناوەستێ بەڵام لەبەرەی ئەمریکادایە لە چاکسازییەکانی ناو سعودییە کوردستان تەواو لەگەڵ سعودییەدا کۆکە، پێش سعودییە لە کوردستان یاسا و موناقەشەی هەبووە و رووی لە تەعدیلکردنی دین لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا بووە.

یەکێکی دیکە لەو پرسیارانەی کە لەبەردەمی هەرێمی کوردستانە، رۆژاوای کوردستانە. رۆژاوای کوردستان سەرباری ئەو هەموو ئاڵۆزییە عەسکەرییەی تێیدا هەیە، ئێستا هەرێمێکە لە دەستی کورداندایە و سەرەنجام دەبێتە هەرێمێکی وەك هەرێمی کوردستان، سووریا لەگەڵیان لە گفتوگۆدایە، بەڵام لە کردەوەدا لە هەر مناوەرەیەکی عەسکەری دەگەڕێت، بۆ ئەوەی زەخت بۆ رۆژاوای کوردستان بێنێت. تورکیا لەو ناوەدا بە هەبوونی رۆژاوای کوردستان قەڵسە، دەستێوەردانی عەسکەریی زۆر توندی کردووە و ئەمریکا پێشی بە تورکیا گرتووە. ئێستا رۆژاوای کوردستان لە دۆخێکی سیاسی و عەسکەریی زۆر ئاڵۆزدا دەژیت، بەڵام ئەوەی من تەماشای دەکەم و دەیبینم، ئەوەیە کە رۆژاوای کوردستان دەمێنێت و سەرەنجام تورکیا ناچار دەکرێت بکەوێتە

**بەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە دینی مەسیحییەتدا روویداوە، رێگە کرایەوە بۆ ئەوەی دین لە سیاسەت جیابکرێتەوە و مافە مەدەنییەکانی مرۆڤ بێنە پێشەوە، ئەو پرۆسەیە لە سعودییە و وڵاتانی ئیسلامیشدا دەستپێکردووە**

**لە کوردستان مێژوویەکی دووروودرێژمان لەگەڵ تەعدیلکردنی ئەحکامی دینی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا هەیە و مەسەلەی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت یەکێک لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و هەرێمی کوردستانیشە**

**رۆژاوای کوردستان سەرباری ئەو هەموو ئاڵۆزییە عەسکەرییەی تێیدا هەیە، ئێستا هەرێمێکە لە دەستی کورداندایە و سەرەنجام دەبێتە هەرێمێکی وەک هەرێمی کوردستان**

**رووسیا لە دژی چارەسەرکردنی دۆزی کوردستان نییە و پێی وایە دەبێ ئەو کێشەیە چارەسەربکرێت و کوردیش هەست بە ئەمان و ئاسایشی خۆی بکات، بەڵام رووسیا لە کوردستان جێ پێی ستراتیژیی خۆی دەوێت و بەرژەوەندییە ئابووری و عەسکەرییەکانی خۆی بەلاوە گرنگە**

گفتوگۆ، هەروەك دۆناڵد ترەمپ رایگەیاندووە، بەو دواییە ژەنەراڵ مەزلوم کۆبانی رایگەیاندوە ئامادەیە لەگەڵ تورکیادا بکەوێتە گفتوگۆوە.


یەکێکی دیکە لە دەوڵەتانی کاریگەر لەو ناوچەیە رووسیا و دۆستەکانیەتی، رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا و سووریا جۆرە بەرەیەکی هەیە، ئەو بەرەیە هەندێك جار سیاسییە، هەندێکجار ئابوورییە، هەندێك جار سوپاییە. لە جموجۆڵەکانی کوردستانی سووریا، رووسیا دووجار رێگەی بە تورکیا دا پەلاماری کوردستان بدات بەڵام لە حەددێکی دیاریکراودا هەڵوێستی خۆیان دیاریدەکرد، وەزیری دەرەوەی روسیا لاڤرۆڤ بە ئاشکرا دەڵێت دەبێ کێشەی کورد لە هەر چوار پارچە چارەسەر بکرێت، تاکو نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان، بە گشتی رووسیا لە دژی چارەسەرکردنی دۆزی کوردستان نییە و پێی وایە دەبێ ئەو کێشەیە چارەسەربکرێت و کوردیش هەست بە ئەمان و ئاسایشی خۆی بکات، بەڵام رووسیا لە کوردستان جێ پێی ستراتیژیی خۆی دەوێت و بەرژەوەندییە ئابووری و عەسکەرییەکانی خۆی بەلاوە گرنگە، وەك دیارە هەرێمی کوردستانیش بە ئەرێنی تەماشای ئەو خواستەی رووسیا دەکات، دەوڵەتێکی دیکە کە بەرژەوەندییەکانی پەیوەستە بەوەی هەرێمی کوردستان چی بەسەردێت، ئیسرائیلە، ئیسرائیل ئێستا لە ژێر هەڕەشەی راستەوخۆی ئێران و سووریا و یەمەندایە، سەرکەوتنی بەرەی توندی ئێرانی واتا کۆتاییهاتنی ئیسرائیل، بۆیە بە هەموو توانای خۆی لەگەڵ ئەوەدایە هەرێمی کوردستان بمێنێت و حیمایە بکرێت و پێش بکەوێت. ئیسرائیل لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی عەرەبیی کەنداو میانەی زۆر باشە و مەسەلەی دژایەتیکردنی یەهود و ئیسرائیل لای سعودیە وەك فەرمانێك، یان حوکمێکی دینی کۆتایی پێهاتووە و ئێستا لە نێو کۆمەڵگەی سعودی، ئیسرائیل وەك هەر دەوڵەتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵ دەکرێت، بۆیە ئەم حەساسییەتی دژ بە ئیسرائیل بوونە کۆتایی هاتووە و پێویستە ئێمەش لە کوردستان گوێ بۆ هیچ دەنگێك نەگرین کە پێی وایێت دەبێ کوردستان بەرامبەر بە ئیسرائیل و کێشەی جوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توند بێت، بەتایبەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تویتێکی لەسەر یادی هۆلۆکۆست نووسیوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کوردستان نەك هەر پشتیوانی جووە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو کوردستانێکی پێشکەوتوو و بەهێز بۆ ئیسرائیل وەك خۆشیان دەڵێن، بەشێکە لە ستراتیژیی چارەنووسسازی و ژیاریی ئەوان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ئیسرائیل ئێستا لەژێر هەڕەشەی راستەوخۆی ئێران و سووریا و یەمەندایە، سەرکەوتنی بەرەی توندی ئێرانی واتا کۆتاییهاتنی ئیسرائیل، بۆیە بە هەموو توانای خۆی لەگەڵ ئەوەدایە هەرێمی کوردستان بمێنێت و حیمایە بکرێت و پێش بکەوێت**

بەوشێوەیە گرنگیی کوردستان بۆ ئەمریکا و سعودیە و ئیسرائیل و ئێران گرنگیی ستراتیژی و ژیاری هەیە. دەوڵەتی تورکیا پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ کوردستان هەیە، بەڵام سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەبوونی کورد و کێشەی کوردستان لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناو خۆشیدا هەڵوێستێکی توندە، وێناچێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هیچ شێوەیەك رێگە بە تورکیا بدات بگاتە ئەو ئامانجە راگەیەندراوەی کە کورد سەرکوت بکات و نەیهێڵێت، ئەو سیاسەتە سەرناگرێت، تورکیا لەژێر فشاردایە تا تەعدیلی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە دەوری کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات.

لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەو پرسیارە بهێنینە پێشەوە: کوردستان دەبێ چی بکات؟ کوردستان پێویستە روانگەی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای مانەوە و رۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی دابڕێژێت، رۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی ئێستا لە ناوەندە بەهێز و ئاگادارەکانی رۆژئاوادا باس دەکرێت و لە روانگای بەرژەوەندی ئیسرائیل و ئەمریکا و سعودییە هەڵدەسەنگێندرێت، ئەم روانگایانە لە گۆڕانکاریدان و هەوڵ و تەقەلای کوردستان لەو ناوەدا دەتوانێت لە گۆڕانکارییەکاندا بەرژەوەندیی خۆی ساغ بکاتەوە. کوردستان بۆ دابین کردنی مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێ شەرم لە کەس نەکات، ئەمەش بەو مانایە نییە ببێتە دەوڵەتی چوارەم لە دژی ئێران یان تورکیا، نەخێر کوردستان ناتوانێت نە لە دژی تورکیا بێت و نە دژی ئێران بوەستێت، بەڵام ئەو دوو دەوڵەتەش ناتوانن کوردستان لە پێگەی ستراتیژی خۆی دووربخەنەوە و لە بەرژەوەندییەکانی بیبەشی بکەن.

**کوردستان بۆ دابین کردنی مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێ شەرم لە کەس نەکات، ئەمەش بەو مانایە نییە ببێتە دەوڵەتی چوارەم لە دژی ئێران یان تورکیا، نەخێر کوردستان ناتوانێت نە لە دژی تورکیا بێت و نە دژی ئێران بوەستێت، بەڵام ئەو دوو دەوڵەتەش ناتوانن کوردستان لە پێگەی ستراتیژی خۆی دووربخەنەوە**



لە باڵی دووەمدا پێویستە هەماهەنگییەکی هێندەی واقیعەکە لە کوردستان لەگەڵ ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا هەبێت، بۆ ئەوەی هەبوونی کوردستان لەسەر ئەساسی نەمانی ئەوان نەبێت. دابەشبوونی کوردستان وایکردووە هەر جموجووڵێکی کوردان گۆڕان لە جوگرافیای سیاسیی ئەو دەوڵەتانەشدا دەکات، کوردستان دەبێ لەوە ماندوو نەبێت لەگەڵ ناوەندەکانی فکر و سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە لە گفتوگۆی بەردەوامدابێت، تا تەحەمولی وجودی کورد بکەن.

ئەوەی زۆر پێویستە و دۆستەکانیش چاویان لێیە ئەوەیە کە کوردستان لە ناوخۆیدا کۆك بێت، واتا هێزە سیاسییەکان لەسەر ستراتیژی سەربەخۆیی و پاراستنی کوردستان روانگەیەکی کۆکیان هەبێت، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی حزبی و بەرژەوەندی سیاسیی سەرکردەکانەوە نەبێت. دونیا یەکدەنگی لە کورد دەوێت، بۆ ئەوەی بمێنێ، پێویستە لە کوردستان بەشی ئەوەندە هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیمان هەبێت و بەشی ئەوەندە ئینسانی هاوچەرخی ئەم زەمانە بین کە لەم بابەتە ئایدۆلۆژیا و هەڵوێستی حزبی، یان کێشەی نێوان سەرکردەکان کارمان تێ نەکات. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە چاکسازی لە دامودەزگاکانی خۆیدا پەرە پێ بدات، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە ئابووریی کوردستان کەمێك ببوژێتەوە و مەدەنییەت لە کوردستان لە ڕێگەی پەروەردە و کەشی سیاسی بەرەو پێشەوە بچێت و خەڵکی کوردستان هەست بکەن حکومەتێکیان هەیە کە دەیانپارێزێت و پێشیان دەخات، ئەمە لە دوو ڕێگەوە دەکرێت ؛ ڕێگەیەکیان ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە گۆڕینی روانگاکان بەردەوامە و لە شەش مانگی رابردوودا یەك لە دوای یەك روانگا نوێیەکانی کوردستان بەرامبەر بە ناوخۆ و دەرەوە دەردەبڕێت. دووەمیان ئەوەیە حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی لەگەڵ ئەم روانگایانەدا هەنگاوی چاکسازی لە ناوخۆ بهاوێت، ئەو چاکسازییەکەش لەسەر بنەمای دیراسەکراوی واقیعبینانە بێت، کە گەشەسەندنی ئابووری و بەهێزبوونی سەربازیی کوردستان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەروەردەوە لەخۆبگرێت. ئەگەر کورد بتوانێ دوو بواری ناوخۆ و دەرەوە ڕێك بخات، لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئایندەیەکی گەشی دەبێت، حزووری چالاکانەی سەرۆکایەتی کوردستان لە گۆڕانکارییەکاندا زۆر گرنگە، یەکپارچەیی ناوخۆییش بەقەد ئەویان گرنگیی هەیە.

**ئەگەر کورد بتوانێ دوو بواری ناوخۆ و دەرەوە ڕێك بخات، لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئایندەیەکی گەشی دەبێت، حزووری چالاکانەی سەرۆکایەتی کوردستان لە گۆڕانکارییەکاندا زۆر گرنگە، یەکپارچەیی ناوخۆییش بەقەد ئەویان گرنگیی هەیە**

فرسەت ئەحمەد

وەزیری داد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# گرنگترین ئامانجی کابینەی نوێیەم چەسپاندنی سەروەریی یاسایە

## نەبوونی دەستوور گەورەترین ئاستەنگ بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە کوردستاندا





**یەکێك لە دروشمە گرنگەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەسپاندنی سەروەریی یاسایە، بێگومان چەسپاندنی سەروەریی یاساش پێویستی بە پاڵپشتی و بەهێزکردنی هەموو ئەو دامەزراوانەوە هەیە کە دەتوانن یاساکان بە بێ جیاوازی جێبەجێ بکەن و بەرژەوەندیی گشتی و سەر و ماڵی هاووڵاتیان بپارێزن. وەزارەتی داد یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە بواری چەسپاندنی سەروەریی یاساوە هەیە، ئەوان میکانیزمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخ و گرنگیی چەسپاندنی سەروەریی یاسا و، یان ئەوەی پێی دەگوترێت «دەوڵەتی یاسا»، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ فرسەت ئەحمەد وەزیری داد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**رێزدار مسعود بارزانی یەکەم کەس بوو داوای کرد، هەرێم سیستەمێکی سیاسیی دامەزراوەیی هەبێت و یاسا تێیدا سەروەر بێت و کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت**

**لەدایکبوونی دەوڵەتی یاسا لە ئەڵمانیا هاتەئاراوە، کە ناکۆک بوو لەگەڵ پرەنسیپە باوەکانی ئەو کاتە، کە دەبوونە هۆی زێدەڕۆیی لە مەرکەزییەتی دەسەڵات و ستەمکاری لە بەکارهێنانیدا و دانانی یاسا وەک میکانیزمێک بۆ تەحەکومکردن بە چارەنووسی هاووڵاتیانەوە**

*** دەوڵەتی یاسا و هەنگاوەکانی دروستکردنی، لە چییەوە دەست پێ دەکات؟**

- رێزدار مسعود بارزانی یەکەم کەس بوو داوای کرد، هەرێم سیستەمێکی سیاسیی دامەزراوەیی هەبێت و یاسا تێیدا سەروەر بێت و کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت، هەروەها داوای کرد، هەڵبژاردنی گشتی بکرێت بۆ دامەزراندنی پەرلەمان، ئەوە بوو سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بیرۆکەکەی بەرێزیانی تەبەنی کرد و بڕیاری لەسەر پڕۆژە یاسای هەڵبژاردن (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق) دا، لەگەڵ پڕۆژەیەکی دیکەی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان لە ١٩/٥/ ١٩٩٢ (بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق) ئەنجام درا، لە هەمان کاتیشدا هەڵبژاردنی قۆناغی یەکەمی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد ئەنجام درا، حکومەتی هەرێم لە ١٩٩٢/٧/٥ دامەزرا، دوای ئەوە کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە وەزارەتەکان و دەسەڵاتی دادوەری و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرچوون، پڕۆسەی یاسادانان بەردەوام بوو، تا ئێستاش بە درێژایی بیست و هەشت ساڵە هەر بەردەوامە.

*** ئایا چەمکی دەوڵەتی یاسا و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە کەیەوە دەست پێ دەکات و ئەو پەرەسەندنانە چین کە بەسەر ئەم چەمکەدا هاتوون؟**

- سەرەتا باسی چەمکی دەوڵەتی یاسا و پەرەسەندنەکانی دەکەم، پێش باسکردن لە هەنگاوەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە مەزهەبی دەوڵەتی یاسا لە سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵدا، ئەمە بە دوو قۆناغدا تێپەڕی، قۆناغی یەکەم هەموو ئەو سەدەیەی خایاند و چەمکێکی پێچەوانەی چەمکی قۆناغی دووەمی هەبوو، سەرەتا بە واتای ملکەچیی تاکەکان بوو بۆ یاسا و بڕیارەکانی ئیمپراتۆر و فەرمان و رێنماییەکانی ئیدارە، بەڵام خودی ئیدارە و دەزگاکان و سیستەمە ناوخۆییەکانی و هەموو ئەوانەی سەر بە ئیدارە و سیستەم و دارایی و بەرژەوەندییە ئیدارییەکانی دیکە بوون، ئەوانە دەتوانرا لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادا بن، ئیمپراتۆریش مافی ژیان و مردنی بە سەر هاووڵاتییەکانیەوە هەبوو، بەڵام قۆناغی دووەم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەستی پێکرد. چەمکی دەوڵەتی یاسا لەسەر دەستی فەقیهانی یاسایی و فەیلەسووفە نەریتییەکان لە ئەورووپای رۆژئاوا پەرەی سەند، کە مەزهەبێکیان بۆ دەسەڵاتی سنووورداری دەوڵەتێکی سەروەر ئامادە کرد، کە یاسا سنووری بێت، هەروەها مافەکانی تاك زامن بکات. پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ کە شۆڕشی فەرەنسی بانگەشەی بۆ کرد، هەروەها چەمك و پرەنسیپەکانی ئەنگلۆسەکسۆنی دەربارەی بەشی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسا کاریگەرییان لەمەدا هەبوو، دەکرێ بڵێین کە لەدایکبوونی دەوڵەتی یاسا لە ئەڵمانیا هاتەئاراوە، کە ناکۆك بوو لەگەڵ پرەنسیپە باوەکانی ئەو کاتە، کە دەبوونە هۆی زێدەڕۆیی لە مەرکەزییەتی

دەسەڵات و ستەمکاری لە بەکارهێنانیدا و دانانی یاسا وەك میکانیزمێك بۆ تەحەکومکردن بە چارەنووسی هاووڵاتیانەوە، بەڵام دەوڵەت و دامەرزاوەکانی لە دەرەوەی چوارچێوەکانی یاسان، گەڵاڵەبوون و پەرەسەندنی چەمکی دەوڵەتی یاسا، یان دەوڵەتی دامەزراوەکان، یان دەوڵەتی دەستووری، یان دەوڵەتی شەرعی، ئەمانە هەموویان زاراوەی هاو واتان و چەمکەکانیان بە دیموکراسی و شەرعییەتی هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی حکومەتەوە پەیوەند بوون، شەرعییەتی دەوڵەت بە ئاستی ملکەچیی ئەو دەسەڵاتانە بە یاسا و رۆڵی یاسا لە کۆمەڵگە و رۆڵی دادوەر لە سەپاندنی یاسا بنەڕەتییەکان لە سەر حیسابی سیاسەت دەپێوەرێت، دەوڵەتی یاسا بوو بە پێوەر بۆ پێوانی دیموکراسی لە جیهاندا، تەنانەت بوو بە بنەمایەك کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و یەکێتیی ئەوروپا لە پاڵپشتیکردنی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو پشتی پێ دەبەستن، دەوڵەتی یاسا بەوە ناسرا کە دەوڵەتی دەستوورییە و بە یاسا پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی تێدا کۆتبەند دەکرێت، گرنگترین ئەرکیشی پارێزگاریکردنی تاکەکان و ماف و ئازادییەکانە لە کردارە ستەمکارەکانی دەسەڵات.

*** هەنگاوە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا چین؟**

- یەکەم شت کە دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا داوای دەکات، بریتییە لە بوونی قەوارەیەکی سیستەمی سیاسی، چ دەوڵەت، یان دەوڵەتۆکە (دويلة) وەك هەرێمی کوردستان، کە تا رادەیەکی دیاریکراو سەربەخۆیی ناوخۆیی هەبێت، بەو پێیەی کە یەکێکە لە یەکەکانی پێکهێنەری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی هەیە، کە دەستوور ددانی پێدا ناوە و دەسەڵات و پسپۆڕییەکانی خۆی بەپێی ماددەی ١١٧ و ١٢١/یەکەم لە دەستووری ٢٠٠٥ پیادە دەکات، بۆیە بە دەستوور دەبێتە دەوڵەتۆکە (دويلة) بەڵام پرەنسیپ و بەهاکان و مەرجەکانی دیکە کە پێویستە دەوڵەت، یان دەوڵەتۆکە (دويلة)هەیان بێت، بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەت و هەنگاوە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی، دەکرێ بەمجۆرە کورتیان بکەینەوە:

١. پێکهێنانی دەستوور و سەروەرییەکەی: بوونی دەستوور هاوشانە لەگەڵ سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، دەستوور پیرۆزترین و بەرزترینە لە دەوڵەتدا کە شێوەی سیستەمەکەی دیاری دەکات، لەگەڵ ئەرکەکان و پسپۆڕییە بنەڕەتییەکانی گشت دەسەڵاتەکان و پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە دەوڵەتدا و شێوەی سیستەمی حوکمڕانی و مافە دەستوورییەکانی هاووڵاتیان و میکانیزمی زامنکردن و سرووشتی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانان و حوکمکراوان، بەڵام بوونی دەستوور خۆی لە خۆیدا دەوڵەت ناکات بە دەستووری، بۆیە پێویستە حوکمەکانی دەستوور لەسەر ئەرزی واقیع پیادە بکرێن، چەندین دەوڵەت و رژێمی دیکتاتۆری هەن کە دەستووریان هەیە و حوکمەکانی بە بەرزترین شێوە دارێژردراون، بەڵام جێبەجێ نەکراون و دەسەڵات و دامەزراوە حکوومییەکان پێوەی پابەند نابن.

٢. پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان: دەبێت دەوڵەت لە دەستوور و سیستەمی حوکمڕانیدا پشتبەستوو بێت بە پرەنسیپی ناوبراو لە دیاریکردنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، بە شێوەیەك هەر سێ دەسەڵات لە دەستی حوکمڕان، یان یەك دەستەدا نەبن، دەبێت بە شێوەیەك لێك جیاکرابنەوە کە هاوسەنگی زامن بکات، بەوەی هەر یەکەیان بتوانێت زێدەڕۆیی ئەوی دیکە سنووردار بکات، یان لە دەرچوونی لە سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی و پسپۆڕییە یاساییەکانی، هەر یەکەیان بە سەر ئەوی دیکەوە سانسۆر بێت.

٣. گرتنەبەری پرەنسیپی پلەبەندیی یاسایی: کە لە دەستوورەوە دەست پێ دەکات، کە لە سەرەوە دەبێت و یاساش دوای ئەو دێت، ئینجا پەیڕەو و بڕیارەکانی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی یاسادانان پەیوەست دەبێت بە دەستوورەوە، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری پەیوەست دەبن بە جێبەجێکردن و پیادەکردنی یاسا و بەپێی هەر یەکە لە پسپۆڕییەکانیان پێوەی پابەند دەبن، هەر یاسادانانێکیش پێویستە ملکەچی ئەو یاسادانانە بێت کە بە پلەیەکەوە لە سەرەوەیەتی، سیستەم و بڕیارەکانی جێبەجێکردن و کارگێڕیی یاساش ملکەچی یاسا دەبن و یاساش ملکەچی

**دەوڵەتی یاسا بەوە ناسرا کە دەوڵەتی دەستوورییە و بە یاسا پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی تێدا کۆتبەند دەکرێت، گرنگترین ئەرکیشی پارێزگاریکردنی تاکەکان و ماف و ئازادییەکانە لە کردارە ستەمکارەکانی دەسەڵات**

**بوونی دەستوور هاوشانە لەگەڵ سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، دەستوور پیرۆزترین و بەرزترینە لە دەوڵەتدا کە شێوەی سیستەمەکەی دیاری دەکات**

**بوونی دەستوور خۆی لە خۆیدا دەوڵەت ناکات بە دەستووری، بۆیە پێویستە حوکمەکانی دەستوور لەسەر ئەرزی واقیع پیادە بکرێن، چەندین دەوڵەت و رژێمی دیکتاتۆری هەن کە دەستووریان هەیە و حوکمەکانی بە بەرزترین شێوە دارێژردراون، بەڵام جێبەجێ نەکراون و دەسەڵات و دامەزراوە حکوومییەکان پێوەی پابەند نابن**

**دەبێت دەوڵەت لە دەستوور و سیستەمی حوکمڕانیدا پشتبەستوو بێت بە پرەنسیپی ناوبراو لە دیاریکردنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، بە شێوەیەک هەر سێ دەسەڵات لە دەستی حوکمڕان، یان یەک دەستەدا نەبن**

**دەسەڵاتی یاسادانان پەیوەست دەبێت بە دەستوورەوە، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری پەیوەست دەبن بە جێبەجێکردن و پیادەکردنی یاسا و بە پێی هەر یەکە لە پسپۆڕییەکانیان پێوەی پابەند دەبن**

**نابێت ڕێسایەکی یاسایی خوارەوە سەرپێچیی ڕێسای یاسایی بەرزتر بکات، ئەگەرنا نامەشروع دەبێت، لە حاڵەتی ناکۆکبوون ڕێسای یەکەم سەردەخرێت**

دەستوور دەبێت، دەرچوونی یاسا لە حوکمی دەستوور بە نادەستووریبوونی دەکەوێتە بەر تانەلێدان و دواتر دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی لەبەر نامەشرووعییەکەی، هەروەها دەرچوونی سیستەم و بڕیارەکان و ڕێنماییەکان لە یاسا دەبێتە هۆی تانەلێدانی تا ڕادەی هەڵوەشاندنەوە لەبەر نامەشرووعییەتی.

ڕێسا یاساییەکان لە یەك پلەدا نابن، نابێت ڕێسایەکی یاسایی خوارەوە سەرپێچیی ڕێسای یاسایی بەرزتر بکات، ئەگەرنا نامەشروع دەبێت، لە حاڵەتی ناکۆکبوون ڕێسای یەکەم سەردەخرێت.

٤. دابینکردنی سەرچاوەکانی تانەلێدان و پارێزگارینەکردنی یاسا و بڕیارەکانی: بوونی دادگای دەستووری بۆ زامنی مەشرووعییەتی یاساکان و ئاستی وەك یەکبوونی لەگەڵ حوکمەکانی دەستوور و بڕیارەکان لەگەڵ یاساکان پێویستە، هەروەها دامەرزاندنی دادگا کارگێڕییەکان، یان پێدانی دەسەڵاتی تانەلێدان بە دادگا ئاساییەکان لە پەیڕەو و بڕیار و ڕێنماییەکان کە پێچەوانەی یاساکانن و هەڵاوێرنەکردنی هیچ لەو یاسادانانە لە تانەلێدان و پێ نەدانی پارێزبەندی زەمانەتە بۆ شەرعییەتی، هەروەها بناغەیەکی گرنگی دەوڵەتی یاسایە.

٥. سەربەخۆیی و دەستپاکیی داگا.

٦. قۆرخکردنی بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەت کە بە یاسا ڕێگە پێدراون و بەکارهێنانی تەنیا بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی گشتی و پاراستنی هاووڵاتیان و سامان و ماڵی گشتی و تایبەت.

٧. پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان و ئازادیی تاکەکەسی: چەسپاندنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان لە دەستووردا، یان ئاماژەکردن بۆ گەڵاڵەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە دەستوور و یاساکان بەس نین، ئەگەر لە کردارە ستەمکارەکانی دەسەڵات نەپارێزدرێن، هەروەها لێپێچینەوە لە زێدەڕۆکاران، بە چاو پۆشین لەوەی کە ڕەخنەلێگر، یان ئەوەی زێدەڕۆیی دەکات لایەنێکی فەرمی، یان کەسێکی ئاسایی بێت.

٨. جێبەجێکردنی پرەنسیپی یەکسانیی هەل بۆ هەمووان بە شێوەیەك کە گرتنەدەستی وەزیفە، یان پۆستی ناسیاسی، بریتی بێت لە لێهاتوویی و شارەزایی نەك ئینتیمای حزبی، یان کۆمەڵایەتی.

*** ئەو هۆیانە چین کە ئەو ژینگەیەیان هێنایە ئاراوە و ڕێگر بوون لە سەروەریی یاسا لە کوردستان؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەمەوە.

١. ئاشکرایە کە لەدایکبوونی سیستەمێکی سیاسیی حوکمڕان لە هەرێم، لەدایکبوونێکی سرووشتی نەبوو لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دەستووری کە حکومەتی ناوەند تەبەننی کردبێت، بەڵکو لەدایکبوونی سیستەمی سیاسیی ئێستای هەرێم بەرئەنجامی ژانی شۆڕشێك بوو بە درێژایی دەیان ساڵ، دواجاریش ڕاپەڕینی میللی لە ١٩٩١ی لێ کەوتەوە، پێش ئەوە و دوای ئەویش ململانێ و ڕکابەریی حزبی هاتنەئاراوە، بووە هۆی توندوتیژی و لەو پەڕیشیدا لە ماوەی ساڵانی شۆڕشدا و دوای ڕاپەڕین کوشتاری بەدوادا هات، کە ئاکامەکەی بێ متمانەیی نێوانیان بوو لە لایەك و هاندانی جەماوەر بۆ دوژمنایەتیکردنی یەکدی لە لایەکی دیکەوە، کە ئەمەش درزێکی خستە نێو پەیوەندییەکانیان، بۆیە لەو پەڕی قۆناغەکانی لێکنزیکبوونەوەی حزبەکان و سازانیان، دەبینین و گوێمان لە دەنگدانەوەی ئاسەواری پەیوەندییە گرژەکانی نێوانیان دەبێت، کە بە درێژایی ساڵانی شۆڕش دەردەکەوێت و لێرەوە لەوێ بەرچاو دەکەوێت لە ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی سۆشیال میدیا کە بریندارکردن و یەکدی قبووڵ نەکردنی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش ئاماژەیە کە هەتا ئێستا کولتووری یەکدی قبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕکابەریی سیاسیی مەدەنی نەچەسپیوە و شۆڕنەبۆتەوە بۆ بنکەکانی حزبە کوردستانییەکان و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویستە بیگاتێ، بەرئەنجامی ئەو پەیوەندییانە زەمینەی دامەزراندنی دەوڵەتی یاسای تێك دا، ئەمەش وەك هۆیەك و فاکتەرێك کە دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، یان دەوڵەتۆکەی یاسای وەك وەسفێکی دەستووریی هەرێمی دواخست. هەرچەندە قۆناغی گواستنەوە بۆ شەرعییەتی یاسایی بە هەنگاوەکانی یەکەمی دەستی پێ کردبێت، کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٥/١٩دا، وەك مەرجێکی پێویست بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەریی

یاسا، بەڵام هەرێم تا ئێستا هەندێ لایەنی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و حوکمەکانی پەیڕەو دەکات، هۆکاری ئەمەش لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی لەدایکبوونی سیستەمی سیاسی و دامەزراندنی و لەلایەکی دیکەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی حزبە کوردستانییەکان کە تائێستا لە رووی پێکهاتەوە بەرگی شۆڕشگێڕییان لەخۆیان نەکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی کە سیستەمی سیاسیی هەرێم لە دەستکەوتەکانی ئەو حزبانەیە کە بەشداربوون، یان سەرکردایەتیی شۆڕشیان کردووە، هەستکردنی ئەو حزبانە بەوەی کە ئەم سیستەمەی ئێستایان دامەزراندووە و خۆیان زەمانەتی بەردەوامبوون و بەرگری لێ کردنیان هەیە، ئەمە راستییەکە چاوپۆشی لێ ناکرێت، وێڕای هەلومەرجی ئیقلیمی و عێراقی کە وادەکات سیستەمی سیاسیی هەرێم رووبەڕووی تەحەددیی زۆر ببێتەوە، بۆیە بەرپرسیارێتیی داکۆکی لێ کردن و پاراستنی لە ئەرکە راستەوخۆکانیانە بە پشتبەستن بە پێکهاتە شۆڕشگێڕییە سەربازی و سیاسییەکانیان، هەروەها ئەو رووداوانەی لەوەتەی ١٩٩١بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات و تا ئێستاش، هەڵوێستی ئەوانە دەکاتە پاساوێك بۆ ئەم واقیعە. بۆیە تەواونەبوونی قۆناغی گواستنەوە لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بۆ قۆناغی شەرعییەتی دەستووری، یان یاسایی هۆکارێکە بۆ دواخستنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتۆکەیەکی یاسایی لە کوردستانی عێراقدا، وەك وەسفێکی دروست لە رووی دەستوورییەوە بۆ هەرێم، بەو پێیەی یەکەیەکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی عێراقێکی ئیتیحادیدا.

٢. هۆیەکی دیکە ئەو هەلومەرجەیە کە هەرێم پێیدا تێپەڕی، لەوەتەی راپەڕینە میللییەکەی ساڵی ١٩٩١ و تا ئێستاش، لەوانەش شەڕی نەخوازراوی ناوخۆ کە لە ئاکامدا هەرێم بوو بە دوو ئیدارە و تا ئێستاش ئاسەوار و دیاردەکانی هەر لەبەر چاوان، وێڕای گرژیی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی و مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێم بە بیروبۆچوونی مەرکەزییەت، هەرچەندە عێراق بەپێی دەستوور دەوڵەتێکی ئیتیحادییە، ئەمە سەرباری شەڕی هەرێم لەگەڵ تیرۆر کە هەلومەرجێکی نائاسایی بەسەر هەرێمدا دەسەپێنێت.

٣. نەبوونی دەستوور: دەستوور بناغەی دەوڵەتی یاسایە، یاسای هەرەبەرزو لووتکەی پلەبەندیی یاسایە، سەرباری چەند ساڵ دوای تەواوبوونی پرۆژەکەی دەرنەچوونی دەستوور لە هەرێم، هەروەها گەیشتنی بە قۆناخی راپرسی، بەڵام هەڵوێستی هەندێ لە حزبەکان لەهەمبەر هەندێ لە ئەحکامەکانی، کە من هیچ پاساوێکی یاسایی تێدا نابینم، بووە بە رێگر لەبەردەم دەنگدان لەسەر ئەو دەستوورە، بۆیە وەك پاراستنی یەکریزیی گەلی کوردستان و یەکێتیی وشە و هەڵوێست، سەرۆکی هێژا مسعود بارزانی بریاری دا، بگەڕێتەوە پەرلەمان بۆ چاوپێداخشاندنەوە، بۆیە نەبوونی دەستوور پرۆسەی یاسادانان دەشێوێنێت لەبەر نەبوونی یەکەی پێوانی شەرعیی کە ئەویش دەستوورە.

٤. رکابەریی نامەشرووعی حزبی و سیاسەتی موزایەدە، بوونە هۆی دوورخستنەوەی پرەنسیپی (یەکسانیی هەل)ی نێوان هاوولاتیان، لە کاتێکدا کە دەبوو رکابەریی نێوان حزبەکان لەسەر پۆستە سیاسییە گرنگەکان بوایە، بەڵام گەیشتە هەموو پلە وەزیفییەکان، بە شێوەیەك کە ئینتیمای حزبی، یان تەزکیەی حزبی پێوەرە کە بۆ ئەو پلە وەزیفییانە پشتی پێ دەبەسترێت.

٥. پشت نەبەستن بە پرەنسیپی دانانی (کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) کە ئەمەش ئەنجامی رکابەریی ناڕەوا و لەدەستدانی پێوەرە بابەتییەکان بوو لە هەڵبژاردنی کادیری وەزیفی، هەندێ حزب کادیری شیاوی نییە بۆ پڕکردنەوەی پلە وەزیفییەکان، بۆیە دەبینین کە هەندێك جار بە کەسی نەشیاو و ناکارامە پۆستەکان پڕ کراونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان کەسی شیاو و بەتوانایان هەیە، بەڵام پەیوەندی و بەرژەوەندیی کەسی بوونەتە هۆی ئەوەی کە پشکی خۆیان لەو پلە وەزیفییانە بەوانە پربکەنەوە کە تەزکیە دەکرێن، تاکو بە حوکمی پەیوەندیی تایبەتی بگەنە ئەو پۆستانە.

٦. سەرجەم بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان حزبەکان کە باسمان کرد، بوونەتە هۆی نەبوونی گرنگترین بنەمای دەوڵەتی یاسا، ئەویش پرەنسیپی (لێپرسینەوە و پاداشتی دادپەروەرانە)یە، زۆرجار بەهۆی پەیوەندیی حزبی و ئینتیمای سیاسییەوە

**چەسپاندنی مافە بنەڕەتییەکانی هاوولاتیان لە دەستووردا، یان ئاماژەکردن بۆ گەڵاڵەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە دەستوور و یاساکان بەس نین، ئەگەر لە کرداره ستەمکارەکانی دەسەڵات نەپارێزدرێن**

**هەتا ئێستا کولتووری یەکدی قبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و رکابەریی سیاسیی مەدەنی نەچەسپیوە و شۆڕنەبۆتەوە بۆ بنکەکانی حزبە کوردستانییەکان و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویستە بیگاتێ**

**تەواونەبوونی قۆناغی گواستنەوە لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بۆ قۆناغی شەرعییەتی دەستووری، یان یاسایی هۆکارێکە بۆ دواخستنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتۆکەیەکی یاسایی لە کوردستانی عێراقدا**

چاوپۆشی لە خراپەکار دەکرێت، هەروەها ئەو کەسە پاداشت دەکرێت کە شایانی پاداشت نییە و لە یەکێکی دیکە بە باشتر دادەنرێت لەبەر هەمان هۆ.

سەرباری ئەوانەی پێشوو، بەڵام من گەشبینم بەوەی کە دەوڵەتی یاسا دێتەدی، چونکە ئەو شتە نەرێنییانەی باسمان کردن بەشێکیان بەسەر هەرێمدا سەپێندراوە، بە حوکمی بارودۆخ و هەلومەرجی گوشار، چ ناوخۆیی یان دەرەکی، بەشێکی دیکەش پێویستی بە کاراکردنی دامەزراوەکانەوە هەیە، هەروەها کارکردن بەو پرەنسیپانەی ئاماژەمان پێ کردن، ئەوەی مایەی گەشبینییە بوونی ئیرادەیە بۆ پەرەپێدان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەلومەرج و فاکتەرانەی کە بوونەتە ئاستەنگ و لەمپەری سەر ئەم رێگایە.

*** هاوکات لەگەڵ وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمانی کوردستان و راگەیاندنی بەرنامەی کابینەی نۆیەم لەلایەن مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لە بەرنامەکەدا زۆر جەخت لە سەر سەروەریی یاسا کرایەوە، ئایا لە ماوەی ئەم چوارساڵەی کابینەی نۆیەمدا، زەمینەی تەواو بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا لە کوردستاندا فەراهەم دەبێت؟**

- گرنگترین ئامانجی کابینەی نۆیەم هەروەك بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند، چەسپاندنی سەروەریی یاسایە، زانراویشە کە ئەم ئەرکەش تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی بەڕێز سەرۆکی وەزیران، بەڵکو بەرپرسیارێتیی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییەوە بگرە لە سەرۆکایەتییەکانیانەوە تا بچووکترین بەشی کارگێڕی، هەروەها بەرپرسیارێتیی هاووڵاتییانە لە پابەندبوون بە یاساکانەوە لەلایەك و ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرسیار لە حاڵەتی پێشێلکاری و زێدەڕۆیی یاسا لە لایەکی دیکەوە، بەڵام سەبارەت بە وەزارەتی داد بەو پێیەی کە پێکهاتەیەکی حکومەتی هەرێمە، ئەوا بەرنامەیەکی بۆخۆی دارشتووە، هیوادارین لەلایەن کادیرەکانی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەشەکانیەوە جێبەجێ بکرێت. وەزارەتی داد بەردەوامە لە ئامادەکردنی دادوەر و داواکارانی گشتی لە پەیمانگەی دادوەریی سەر بە وەزارەت، هەوڵەکانیش بەردوامن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەوانەی لێی وەرگیراون، هەروەها بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانیشی، چونکە دەرچووانی پەیمانگاکە بە حوکمی ئەو پۆستانەی وەك دادوەر و داواکاری گشتی وەری دەگرن، بە کۆڵەکەی دادپەروەری و میکانیزمی وەدیهێنانی ئەو دادپەروەرییە دادەنرێن لە میانی پابەندبوونیان بە جێبەجێکردنی یاسا و حوکمەکانی بە شێوەیەکی دروست، وێڕای هەوڵدان بۆ کاراکردنی دەزگای داواکاری گشتی و دەزگای سەرپەرشتیکردنی دادی و پاڵپشتیکردنیان لە ئەرکەکانیاندا لە داکۆکیکردن لە مافی گشتی و کارکردن بۆ سەلامەتیی جێبەجێکردنی یاسا و چاودێریکردنی سەرپێچی و پێشێلکارییەکان. سەرباری ئەمەش و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا و هێنانەدیی دادپەروەری، وەزارەت دەستی کردووە بە دیراسەکردنی یاسای وەزارەت بۆ دەوڵەمەندکردنی بەو شێوەیەی ئامانجەکانی بێنێتەدی، هەروەها رۆڵی لە هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی یاساکان، ئەمەش بە کردنەوەی چەند بەشێك کە ئەرکی دیراسەکردنی یاسا بەرکارەکان و پرۆژەکانی یاسایی ئاسان دەکەن، کە لەلایەن وەزارەتەکانی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێن، هەروەها بەشداریکردنی وەزارەت لە لیژنەی یاسایی وەزاریی ئەنجومەنی وەزیران، سەرباری ئەو رۆڵە مەرکەزییەی کە ئەنجومەنی شورا دەیگێڕێت لە دارشتنی پرۆژە یاساییەکان و دەوڵەمەندکردنیان لە رووی بابەتی و فۆرمەوە، هاوکات ئەو فتوایانەی لە ئەنجومەنەوە دەردەچن، لەگەڵ رۆڵی دادگای ئیداری لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان هاووڵاتیان و فەرمانگە حکومییەکان، لەگەڵ رۆڵی ئەنجومەنی رێککاری (ئینزبات) تایبەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان فەرمانبەران و لایەنە حکومییەکان تایبەت بەو بڕیارانەی مافە وەزیفییەکانیان دەگرێتەوە. هەوڵیش بەردەوامە بۆ پەرەپێدانی کاری فەرمانگەکانی وەزارەت و پاڵپشتیکردنیان لەمیانی رێکخستنی ئیش و کارەکانیان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و کەمکردنەوەی رۆتین و بیرۆکراتییەت لە فەرمانگاکاندا، هاوکات وەزارەت دەستپێشخەریی کردووە لە گشتاندنی سەندوقی سکاڵاکان بۆ هاووڵاتیان بە مەبەستی گەیاندنی دەنگ و سکاڵاو پێشنیارەکانیان بۆ وەزارەت.

**رکابەریی نامەشرووعی حزبی و سیاسەتی موزایەدە، بوونە هۆی دوورخستنەوەی پرەنسیپی (یەکسانیی هەل)ی نێوان هاووڵاتیان، لە کاتێکدا کە دەبوو رکابەریی نێوان حزبەکان لەسەر پۆستە سیاسییە گرنگەکان بووایە، بەڵام گەیشتە هەموو پلە وەزیفییەکان، بە شێوەیەک کە ئینتیمای حزبی، یان تەزکیەی حزبی پێوەرە کە بۆ ئەو پلە وەزیفییانە پشتی پێ دەبەسترێت**

**هەندێ حزب کادیری شیاوی نییە بۆ پڕکردنەوەی پلە وەزیفییەکان، بۆیە دەبینین کە هەندێک جار بە کەسی نەشیاو و ناکارامە پۆستەکان پڕ کراونەتەوە**

**زۆرجار بەهۆی پەیوەندیی حزبی و ئینتیمای سیاسییەوە چاوپۆشی لە خراپەکار دەکرێت، هەروەها ئەو کەسە پاداشت دەکرێت کە شایانی پاداشت نییە و لە یەکێکی دیکە بە باشتر دادەنرێت لەبەر هەمان هۆ**



- **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵا**
- لەدایکبووی: ١٩٤٦
- بڕوانامە: بەکالۆریۆس لە حقوق
- قۆناغەکانی کارو بەرپرسیاریەتی:
- لە ساڵی ١٩٧٠ پاش ڕێککەوتنی (١١) ئادار بە وەزیفەی بەڕێوەبەری ناحیە دامەزراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ تاکو ١٩٧٤ وەك بەڕێوەبەری ناحیە لە ناحیەکانی مزوری باڵا (شێروان مەزن) – دۆسکی (مانگێش) نێروە و ڕێکان – رزگاری (ئیبراهیم خەلیل) کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ چووەتە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان، بووە بە قائیمقامی دهۆك لە ڕێکخستنەکانی ئیدارەی شۆڕش.
- لە ساڵێ ١٩٨٠ وازی لە وەزیفە هێناوە و لە دهۆك وەك پارێزەر کاری کردووە تا ساڵی ١٩٩٢.
- لە ١٩٩٢/٥/١٩ وەك ئەندام لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق هەڵبژێردراوە.
- لە١٩٩٢/٦/٤ وەك سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) و ئەندامی دەستەی سەرۆکایەیی هەڵبژێردراوە و تاکو ٢٠١٣ بەردەوام بوو بۆ سێ خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و لە زۆربەی چالاکییەکانی تەشریعی و قانونیی پەرلەمان بەشدار بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لە لەندەن کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەندامی داڕشتنی ڕەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ئەندامی داڕشتنی پرۆژەی دەستووری عێراقیش بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامی ئەنجومەنی دانانی ئالییەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق بووە لە بەغدا.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ چەند مانگ بەشدار بووە لە کۆبوونەوەکانی (مجلس الحكم) وەك یاریدەدەر لەگەڵ شاندی پارتی لە ئەنجومەنی حوکم بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی و نوێنەرایەتیی کوردستانی کردووە لە لیژنەکانی ئەنجومەن.
- لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی بووە.
- لە ٢٠١٥ تاکو ئێستا وەك ڕاوێژکار لە بابەتەکانی دەستووری و فیدراڵی یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات.

د. محەمەد شوکری
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# مسرور بارزانی بڕیاری داوە مۆنۆپۆڵ لە ئابووریی کوردستاندا نەمێنێت

## هەزار پڕۆژەی گەورە رادەگەیەنین و ٤٤٥ پڕۆژەیان بۆ پیشەسازیی گەورە و مامناوەند و بچووک تەرخان کراون





**هەفتەی رابردوو مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە سەرمایەدار و وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەشدا راگەیەندرا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازە هەزار پرۆژەی گەورەی وەبەرهێنان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان رابگەیەنێت، لەو ژمارەیەش ٤٤٥ پرۆژەیان بریتین لە پرۆژەی پیشەسازیی گەورە و مامناوەند و بچووك، بەشەکەی دیکەشی تەرخان کراوە بۆ بوارەکانی بایەخدان بە پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و چەندین پرۆژەی گەورە بۆ کێڵگەی هاوچەرخ ئامادە کراون، چەندین پرۆژەی گەورەش بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار ماستەرپلانی بۆ ئامادە کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا رادەگەیەندرێت، هاوکات لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە گرنگە لە بواری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنانی کوردستانی هەموار کردۆتەوە و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، بۆ ئەوەی بنێردرێتە پەرلەمان و هەموارکردنی پەسەند بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی بواری وەبەرهێنان و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بارقورسی لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە، نەک بە پێچەوانەوە**

**لەو ماوە کەمەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم، چەندین کەس و کەیسی جۆراوجۆر رادەستی پۆلیس و دادگاکان کراون و کەسانێک دەستگیرکراون کە تا دوێنێ بوو، خۆیان لە سەرووی یاساوە دادەنا**

*** کۆبوونەوەکەی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و سەرمایەدارانی کوردستان تاچەند گرنگ بوو؟ ئایا گرنگترینی ئەو تەوەرانەی لەو کۆبوونەوەیەدا باس کران، چی بوون؟**

- کۆبوونەوەکەی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی لەگەڵ گەورە وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و سەرمایەدارانی کوردستان لە دوای کۆبوونەوەیەکی گرنگی دیکە دێت، کە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئابووریی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دابوو، تێیدا بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و میکانیزمی پێویستی گەشەپێدانی ئابووری تاوتوێ کران، ئەم کۆبوونەوەیەی جەنابیان گرنگییەکی لە رادەبەدەری بۆ بەهێزبوونی ئابووریی کوردستان و راستکردنەوەی رێڕەوی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەبوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا بە راشکاوی باسی لە دوو خاڵی سەرەکی کرد:

١. وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت بارقورسی لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە، نەك بەپێچەوانەوە، وەبەرهێنان دەبێت هەلی کار بۆ گەنجان دابین بکات و پارە لە پێناوی خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بەگەڕبخرێت و کار و کاسبی لە هەرێمدا زۆر بکات.

٢. دەبێت سەرجەم وەبەرهێنەرانی کوردستان پابەندی یاسا و راسپاردە و رێنماییەکانی حکومەت بن و خۆیان لە بەرتیل و بەخشینی دیاری و گەندەڵی بەدوور بگرن و پابەندی رێبازی خزمەتکردنی گەلی خۆیان بن.

بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ماوەیەکی نزیکدا ببێتە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز، کە هەمووان تێیدا سودمەند بن و هەلێکی کاری زۆر بۆ دەرچووانی زانکۆکان و گەنجان بەگشتی دابین بکرێت و بواری دارایی و ئابووریی هەرێمیش بەهێز بێت، ئەم کابینەیە ئەو ئیرادەیەی تێدایە کە گەندەڵکاران و هەموو ئەو کەسانە رادەستی یاسا و لێپرسینەوە بکات کە گەمە بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن و دەستیان لەگەندەڵیدا هەیە، لەو ماوە کەمەی دەستبەکاربوونی کابینەکەشدا چەندین کەس و کەیسی جۆراوجۆر رادەستی پۆلیس و دادگاکان کراون و کەسانێك دەستگیرکراون کە تا دوێنێ بوو، خۆیان لە سەرووی یاساوە دادەنا. تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە پاڵپشتی و پشتگیریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی

کوردستان بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەی کە کاری گەورە و ستراتیژی و جوان بۆ میللەتەکەیان دەکەن، ئەرکی حکومەتیشە ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران لە دامودەزگاکانی حکومەت بکات و رۆتین نەهێڵدرێت و سەقامگیری و ئارامیی هەرێم بپارێزێت و زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنەران لە سەرجەم کەرتەکان دابین بکات و، ئاسانکاریی پێویستیان بۆ بکات، رێزدار سەرۆك وەزیرانی هەرێم لە نزیکەوە گوێبستی هەموو پێشنیار و بۆچوونەکان بوون و خاڵە نێگەتیڤ و لاوازەکانی کارکردنیش خرانەڕوو، کە بوونەتە هۆی کەوتنەوەی چەندین گرفت و ئاستەنگی بەردەم کارکردنی وەبەرهێنەران و وەڵامی تێبینی و پرسیار و سەرنجەکانیشی دانەوە، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی حکومەت جەختی لەسەر گرنگیی پلانێکی زانستی ئابووری کردەوە، کە دوو مەرجی سەرەکیی تێدا بێت، یەکەمیان: رەچاوی پێداویستیی هەرێمی کوردستان بکات، دووەمیان: لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت، چونکە هەروەکو بەڕێزیان ئاماژەیان پێ کرد، پێویستە وەبەرهێنان هەلی کار بۆ گەنجان بەگشتی و دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان بەتایبەتی دابین بکات، کاتێکیش بە روونی بەوەبەرهێنەرانی گوت: «لە بەگەڕخستنی وەبەرهێناندا گرنگی بە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوانی کوردستان بدەن» مەبەستی بوو وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و باشبوونی بار و بژێویی ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بێت.

*** دیارە وەك زانراوە، دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەی لەگەڵ وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی ناوخۆ ئەنجام دا، وا بڕیارە کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی و گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیش ئەنجام بدرێت، ئایا ئەم کۆبوونەوەیە کەی ئەنجام دەدرێت؟**

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستی بوو سەرەتا گرنگی بە وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و سەرمایەدارانی کوردستان بدات، بەڵام گرنگی بە راکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانییش دەدەین، هەروەکو چۆن لە سیستەمی نوێی جیهاندا هیچ وڵاتێك نییە کە گرنگی بە وەبەرهێنەرانی بیانی و راکێشانی سەرمایەدارانی بیانی نەدات، چونکە لە رووی ئابووریی و دارایی و شارەزایی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەم وەبەرهێنانە بیانییانە گرنگن، وا بڕیارە لە بەروارێکی نزیکدا سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو وەبەرهێنەرە بیانییانە و گەورە کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتییش گفتوگۆ بکات، کە لە کوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن و هەرێمی کوردستان سوودی زۆریان لێ وەردەگرێت. هەروەها لە ئێستادا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆی کوردستان بدات، کە وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات نەکەن و سەرمایەکانیان لە ناو کوردستان بەگەڕ بخەن، بەتایبەتی کە لەم کابینەیەدا ئیرادەیەکی بەهێز هەیە و هانی وەبەرهێنەران دەدات بۆ کارکردن لە پرۆژە گەورە و ستراتیژییەکان، هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی دا، تاوەکو لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کۆببێتەوە.

*** باسی ئەوە دەکرێت کە لە چەند رۆژی داهاتوودا پلانێکی ستراتیژی بخرێتە روو، کە تێیدا هەزار پرۆژەی گەورە لە سەرانسەری کوردستان رابگەیەندرێت، دەکرێت بزانین ئەم پرۆژانە چین و لە چ بوارێکدا جێبەجێ دەکرێن؟**

- دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان پلانێکی ٢٠ ساڵەی هەیە و بەپێی ئەو بەرنامەو پلان و هەڵسەنگاندنانەی ئێمە بێت کە لەم کابینەیەدا هەیە و بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە بێت کە لە ماوەی ١٠٠ رۆژی کارکردنی کابینەکەدا بەدەستهاتووە، ئەوا بە تەئکید لەماوەی تەنیا دوو ساڵدا کوردستان لە بواری وەبەرهێناندا بازێکی گەورە دەدات، چ لە رووی قەبارەی وەبەرهێنانەوە بێت، یان لە رووی جۆراوجۆرکردنی وەبەرهێنان، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی وەبەرهێنان لە کورستان دەگۆڕێت، ئەگەرچی لە چەند ساڵی رابردووشدا کاری باش و گەورە ئەنجام دراون، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی داراییەوە زۆربەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان راوەستابوون، ئێستا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەو سەرمایەدارەی کوردستان کە لە دەرەوەی هەرێم وەبەرهێنانی هەیە، بیگەڕێنێتەوە ناوخۆی

**وەبەرهێنان دەبێت هەلی کار بۆ گەنجان دابین بکات و پارە لە پێناوی خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بەگەڕبخرێت و کار و کاسبی لە هەرێمدا زۆر بکات**

**دەبێت سەرجەم وەبەرهێنەرانی کوردستان پابەندی یاسا و راسپاردە و رێنماییەکانی حکومەت بن و خۆیان لە بەرتیل و بەخشینی دیاری و گەندەڵی بەدوور بگرن و پابەندی رێبازی خزمەتکردنی گەلی خۆیان بن**

**ئەم کابینەیە ئەو ئیرادەیەی تێدایە کە گەندەڵکاران و هەموو ئەو کەسانە رادەستی یاسا و لێپرسینەوە بکات کە گەمە بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن و دەستیان لەگەندەڵیدا هەیە**

**لە سیستەمی نوێی جیهاندا هیچ وڵاتێک نییە کە گرنگی بە وەبەرهێنەرانی بیانی و راکێشانی سەرمایەدارانی بیانی نەدات، چونکە لە رووی ئابووریی و دارایی و شارەزایی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەم وەبەرهێنانە بیانییانە گرنگن**

هەرێم و خەڵکیش لێی سوودمەند بێت. سەبارەت بەو هەزار پڕۆژە گەورەیەی وەبەرهێنانیش کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئابی ساڵی رابردووەوە سەرقاڵی پلانێکی ستراتیژین بۆ رێکخستنەوەی ئەو وەبەرهێنانە نوێیانەی کە لە داهاتوودا دەکرێت، ئەم کارەش بە چەند قۆناغێك کراوە. قۆناغی یەکەم: داوای پلانی هەموو وەزارەت و پارێزگاکان و قایمقامیەت و تا ئاستی گوندەکانمان کردووە و هەمووی هاتۆتە لامان و لەچوارچێوەی ماستەرپلانێکدا رێکخراوەتەوە و لەماوەی دوو هەفتەدا ماستەرپلانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان رادەگەیەنین و بڕیاری لەسەر دەدرێت و دەنێردرێتە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان و بەهەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکرێتەوە. قۆناغی دووەم: بەشێکی ئەو پرۆژانەی کە ١٠٠٠ پڕۆژەی گەورەن داوامان لە وەزارەتەکان کردووە، زەویان بۆ تەرخان بکەن، هەندێك شوێنیش هەیە زەوی بۆ تەرخان کراوە، بۆ نموونە دروستکردنی کارگەیەك لە چەمچەماڵ، یان لە بامەڕنێ، یان لە زاخۆ و شوێنەکانی دیکە، ئەمانە تەنیا پرۆپۆزەڵی بۆ ئامادە دەکرێت و بانگەوازی بۆ دەکرێت و رادەگەیەندرێت بۆ وەبەرهێنەران تاوەکو کێ ئامادەیی تێدا بوو، دەست بە ئیجرائاتی پڕۆژەکە بکات. لەو ١٠٠٠ پڕۆژەیە نزیکەی ٤٤٥ پڕۆژەی لە سێکتەری پیشەسازیی قورس و مامناوەند و بچووکن و بەشێکی زۆری بۆ پیشەسازیی خۆراکی تەرخان کراوە، لەو بەرنامەیەدا وا دانراوە ئەوەی لە کوردستان بەرهەم بهێنێت و بازاڕی هەبێت، بە خۆراك و جلوبەرگەوە لێرە بەرهەمی دەهێنین، لەلایەکی دیکەوە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵین کە رۆڵ و گرنگییەکی راددەبەدەری بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی ناوخۆیی هەیە، لەلایەکی دیکەوە لەو ١٠٠٠ پڕۆژەیە بەشێکی زۆری بۆ پڕۆژەی کێڵگەی هاوچەرخ تەرخان کراوە، لەمەدا خودی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ زۆر هاوکارمانە و لە ماوەی داهاتوودا کاری باش و گەورە دەکرێت، هەروەها سەبارەت بە پڕۆژەکانی گەشتوگوزاریش بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزاردا بە دەیان پڕۆژەی گەشتیاری ماستەرپلان و نەخشەو زەوی بۆ دانراوەو تەنیا راگەیاندن و جێبەجێکردنی ماوە، لە قەزای دووکان و چیای سەفین و پارێزگای دهۆك و ناوچە جیاجیاکانی دیکەی کوردستان چەندین پڕۆژەی جۆراوجۆر دانراون. سەرۆکی حکومەت داوای لە وەبەرهێنەرانی ناوخۆی خۆمان کرد ئەم پڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەن. لەمەشدا لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان پڕۆژەکانمان لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان و ناوچە و دەڤەرەکاندا دابەش کردووە، هەر لە زاخۆوە تاوەکو گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە، هەڵبەتە لەم پڕۆژانەدا سوود لە پلانی وەزارەتەکان و وەبەرهێنەران وەرگیراوە. سوودی ئەم پڕۆژانە هەر ئەوە نییە کە وەرچەرخانێکی گەورە بە کەرتی وەبەرهێنان و بووژانەوەی زۆر لە سێکتەرەکان دەات، بەڵکو وا لە کوردستان دەکات، پشت بەخۆی ببەستێت، ئەمە جگە لە دابینکردنی سەدان هەلی کار و بەگەڕخستنی بازاڕی ناوخۆ و دۆزینەوەی کار بۆ دەیان کاسب و پیشەوەر و بەڵێندەری جۆراوجۆر.

*** لەگەڵ ئەوەی دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق و پەسەندکردنی دەستووری عێراق، دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یەکێك بوو لە یاسا گرنگەکان بۆ کردنەوە و دەستپێکردنی پرۆسەی پەرەپێدان لە رێگەی وەبەرهێنانەوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە هەست بەوە کرا کە ئێمە لە بواری وەبەرهێنان کەم ئەزموونیمان پێوە دیار بوو، ئەم کەم ئەزموونییەش هەر لە سەرەتاوە بە یاساکەوە دیار بوو، ئێوە وەك سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ یاساکە هەیە؟**

- یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچوو، پێویستییەکی ئەو سەردەمە بوو بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و فراوانکردن و راکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای نزیکەی ١٥ ساڵ بە سەر دەرچوونی ئەو یاسایەدا و لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمەکە و واقیعی سیاسی و ئابووریی کوردستان و عێراق، هەموو ئەمانە ئەوە دەخوازن کە چاوخشاندنەوە بکەین بە یاساکەدا، هەنگاوی

**لە ئێستادا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆی کوردستان بدات، کە وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات نەکەن و سەرمایەکانیان لە ناو کوردستان بەگەڕ بخەن**

**لەماوەی تەنیا دوو ساڵدا کوردستان لە بواری وەبەرهێناندا بازێکی گەورە دەدات، چ لە رووی قەبارەی وەبەرهێنانەوە بێت، یان لە رووی جۆراوجۆرکردنی وەبەرهێنان، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی وەبەرهێنان لە کورستان دەگۆڕێت**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەو سەرمایەدارەی کوردستان کە لە دەرەوەی هەرێم وەبەرهێنانی هەیە، بیگەڕێنێتەوە ناوخۆی هەرێم و خەڵکیش لێی سوودمەند بێت**

**ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵین کە رۆڵ و گرنگیەکی راددەبەدەری بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی ناوخۆیی هەیە**

باش لەمبارەیەوە نراوە و یاساکە چاك دەکرێتەوە و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ وەردەگیرێت و دەینێرینە پەرلەمانی کوردستان تاوەکو پەسەند بکرێت، لە چاککردنەوەی یاساکەشدا ڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندیی وەبەرهێنەران و خەڵکی هەرێمی کوردستانیش کراوە.

*** ئەگەرچی لەناو یاسای وەبەرهێناندا هەموو سێکتەرەکانی پەرەپێدان ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەبەرهێنان زیاتر بواری نیشتەجێکردنی گرتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت ئاسانکارییەکی زۆری پێشکەش کرد، ئایا لە پرۆسەی هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەی کە ناردووتانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، تاچەند بە کردەیی بایەختان بە کۆی سێکتەرکانی دیکەی بواری پەرەپێدان لە کوردستان داوە؟**

- هەر لە کۆبوونەوەکەدا ڕێزدار مسرور بازرانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەم بوارە کردەوە کە ئامانجی حکومەتە ئابووری فرەچەشن بکات بەرەو کەرتێکی تایبەتی بەهێز، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی دەدات، بەتایبەتی ڕوو بکەنە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و پاڵپشتی و ئاسانکاریشیان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران لە هەموو بوارەکاندا کارا بکەن، لەسەر ئەو بنەمایەش کاردەکەین بۆ داڕشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و ئەمەش ئامانجی حکومەتە لە وەبەرهێنان، کە دەرفەتێکی یەکسان و دادپەروەرانە زامن بکات و یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەو چەشنەی هانی کەرتەکانی ئابووری بدات، بە جۆرێك داهاتی وڵات و داهاتی تاکەکەسی زیاد بێت، نەك تەنیا ئامانج لێی کەڵەکەکردنی سەرمایە و پارە بێت لەسەر حیسابی خەڵك و حکومەت، گومانیشی تێدا نییە، باشترین کەرت بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی، پێشخستن و فراوانکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییە، دەستەکەشمان لە هەوڵی فراوانکردنی کاری وەبەرهێنانین.

*** پارێزگاری هەولێر لە دیمانەیەکی گوڵاندا ئاماژەی بەوە کردووە کە سێکتەری نیشتەجێبوون ئێستا پێداویستی ئەم قۆناخە پڕدەکاتەوە و چیتر زەوی بۆ شاری نیشتەجێبوون تەرخان ناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا کارکردن لە چەندین شاری نیشتەجێبووندا ڕاوەستاوە و خەڵکیش پارەیەکی زۆری داوە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ پڕۆژە ڕاوەستاوەکان دەکەن؟**

- کارمان بۆ ئەوە کردووە یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر خاوەنەکانی تۆمار بکەین، لەقۆناغی داهاتوودا کار بۆ ئەوە دەکەین زیاتر وەبەرهێنەران ڕووبکەنە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری، تا ڕادەیەکی باش توانیمان زۆربەی ئەو پرۆژانەی بە هۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابوون، دووبارە تێیدا دەست بەکارکردن بکرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کەموکورتی لە وەبەرهێنەران هەبووە و پابەندی ماوە و کوالێتیی پڕۆژەکان نەبوون، ئەمانە هەمووی گرفت و کێشەی کەڵەکەبوون و لەم کابینەیەدا کار بۆ چارەسەرکردنی دەکەین.

*** ئایا لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەدا، هاوسەنگیتان لە نێوان قازانجی وەبەرهێنەران و بەرژەوەندیی گشتیی خەڵك دروست کردووە؟**

- لەکۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەتدا لەگەڵ گەورە وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی کوردستان جەخت لەسەر ئەم خاڵە کرایەوە کە پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و پێداویستیی هەرێمی کوردستان بکرێت، لەکاتی بەگەڕخستنی وەبەرهێنان لە پەروەردەو خوێندندا، هەروەها سەرۆکی حکومەت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت خوێندن لە کوردستان بەو شێوەیە بێت کە پێداویستیی ئەمڕۆی بازاڕ پڕبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە گەورە وەبەرهێنەرانی کوردستان کرد، پێویستیی بازاڕیان چییە، بیدەنە حکومەت و لە ڕێگەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵاوە کار لە سەر داوا و ئەو ئاراستەیە دەکرێت، تاوەکو دووبارە پرۆسەی خوێندن دادەڕێژدرێتەوە، سەرۆکی حکومەت لەم خاڵەدا بەنچەی لەسەر کەموکورتییەکی گەورە دانا، کە جگە لەوەی زیانی بە بازاڕ و ئابووری گەیاندووە، زیانی بە دەرچووانی زانکۆش گەیاندووە، بەوەی لە بازاڕی ئەمڕۆدا هەلی کاریان دەست ناکەوێت، ئێمەش لە دەستەی وەبەرهێنان هەستمان بەوە کردووە کە کەلێنێکی گەورە لەنێوان خوێندن و پێداویستی بازاڕ هەیە،

**ئامانجی حکومەتە لە وەبەرهێنان، کە دەرفەتێکی یەکسان و دادپەروەرانە زامن بکات و یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەو چەشنەی هانی کەرتەکانی ئابووری بدات، بە جۆرێک داهاتی وڵات و داهاتی تاکەکەسی زیاد بێت، نەک تەنیا ئامانج لێی کەڵەکەکردنی سەرمایە و پارە بێت لەسەر حیسابی خەڵک و حکومەت**

**سەرۆکی حکومەت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت خوێندن لە کوردستان بەو شێوەیە بێت کە پێداویستیی ئەمڕۆی بازاڕ پڕبکاتەوە**

**کەلێنێکی گەورە لەنێوان خوێندن و پێداویستی بازاڕ هەیە، هەروەها بەداواداچوونمان بۆ ئەو ناهاوسەنگییەش کردووە کە لەنێوان قازانجی وەبەرهێنەران و بەرژەوەندی گشتی خەڵک دروست بووە**

**یەکێک لەو سێکتەر و بوارانەی کەموکورتیی زۆری تێدایە، سیستەمی بانکییە، تەنانەت ئەمە بووەتە هۆی لاوازیی کاری وەبەرهێنان لە زۆر بواری دیکەدا**

**ئێمە دەمانەوێت سیستەمی بانکی لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ڕێک بخەینەوە و لە ٢٠ و ٢١ی مانگی نیسانی ئەمساڵ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی عێراق و لقی کوردستان، کۆنفرانسێکی تایبەت بە بانکە ئەهلی و بازرگانییەکانمان هەیە**

**ئێمە دەبێت لە ڕێگەی بانکەوە سەرمایە دروست بکەین و خەڵکی پارە لە بانک دابنێت و وەبەرهێنانی پێ بکرێت، هەروەها حکومەت لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشەوە پشک و سەنەدات بفرۆشێت و پارە لە ناوخۆی هەرێمدا کەڵەکە بکرێت و چیتر دوچاری کەمیی سیولەی نەختینەیی نەبینەوە**

هەروەها بەداواداچوونمان بۆ ئەو ناهاوسەنگییەش کردووە کە لەنێوان قازانجی وەبەرهێنەران و بەرژەوەندی گشتی خەڵك دروست بووە، بەڵام ئەرکی ئێمە مۆڵەتدانە بە دروستکردنی بینایە و ڕادەستکردنی بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەپێی ڕێنمایی و مەرجەکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەوە ئەرکی ئەوانە هەڵسەنگاندنی ورد بۆ مەرج و ڕێنماییەکانیان بکەن، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە پێویستە چاوخشاندنەوە بە وەبەرهێنان لە بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا بکرێت، چ لە ڕووی کوالێتیی بەرهەمی قوتابخانە و زانکۆکان بێت، یان لە ڕووی نرخەوە بێت.

*** هەتا ئێستا جۆرێك لە ناهاوسەنگی لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی دروست بووە، لەگەڵ ئەوەی بە سەدان و هەزاران هۆتێل و مۆتێل و مۆڵ و ریستۆرانت و بەنزیخانە دروست کراون، هەروەها بە سەدان قوتابخانە و کۆلێژ و نەخۆشخانەی ئەهلی دروست کراون، بەڵام ئەمانە نەبوونە هۆکارێك بۆ ئاسانکردنی باری سەرشانی حکومەت، ئایا لە هەموارکردنەوەی یاساکەدا چۆن ئەم لایەنەتان ڕەچاو کردووە؟**

- وەکو لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێ کرد، لەگەڵ زیادبوونی وەبەرهێنان و فراوانبوونی ئەو سێکتەرانەی کە وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی باری سەرشانی حکومەت و بگرە لەهەندێك ڕووەوە حکومەت سوودمەندیش دەبێت، کەموکورتییەکان زۆرن و کاری جددی کراوە بۆ چارەسەرکردنی، قسەیەکی ئابوورییانە هەیە، بەوەی سەرمایە ترسنۆکە، هەر لەبەر ئەمەشە بەدوای کاری خێرا و قازانجی پەلەن و ڕوو لەو بوارانەدا دەکەن کە پارە و داهاتەکانیان زوو لێی دەست بکەوێتەوە، بەڵام چیتر نابێت وەبەرهێن تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکات.

*** کەرتی بانکی سێکتەرێکی دیکەی زۆر گرنگە کە وەبەرهێنانێکی زۆری تێدا دەکرێت، بەڵام کەرتی بانکی کەرتی تایبەت نەبۆتە فاکتەرێك بۆ هاریکارکردن بۆ دروستبوونی پرۆژەی بچووك بۆ هاووڵاتیان و سەرچاوەی داهاتیان، ئەم کەرتەش وەك کەرتەکانی دیکە ئیتسغلالێکی زۆری تێدایە، ئایا لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە، چۆن مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنان لە کەرتی بانکی لە کوردستان کراوە؟**

- یەکێك لەو سێکتەر و بوارانەی کەموکورتیی زۆری تێدایە، سیستەمی بانکییە، تەنانەت ئەمە بووەتە هۆی لاوازیی کاری وەبەرهێنان لە زۆر بواری دیکەدا، بەڵێ، لە کەرتی بانکی کەموکورتی هەیە و بە جورئەتەوە لێپرسینەوە لەگەڵ زۆر بانکدا کراوە و لە نزیکەوە چاودێریی کەرتی بانکی و مەسرەفی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، لە ٢٠ و ٢١ی مانگی نیسانی ئەمساڵ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی عێراق و لقی کوردستان، کۆنفرانسێکی تایبەت بە بانکە ئەهلی و بازرگانییەکانمان هەیە، ئێمە دەمانەوێت سیستەمی بانکی لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ڕێك بخەینەوە، لە ئەنجومەنی باڵای ئابووری باسی ئەم بابەتە کراوە کە چۆن بتوانین پارە لە ناوخۆی هەرێمدا کەڵەکە بکەین، تاوەکو تەمویلی



وەبەرهێنانی پێ بکەین، ئێمە دەبێت لە ڕێگەی بانکەوە سەرمایە دروست بکەین و خەڵکی پارە لە بانك دابنێت و وەبەرهێنانی پێ بکرێت، هەروەها حکومەت لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشەوە پشك و سەنەدات بفرۆشێت و پارە لە ناوخۆی هەرێمدا کەڵەکە بکرێت و چیتر دوچاری کەمیی سیولەی نەختینەیی نەبینەوە.

*** بە بۆچوونی خۆت تا چەند هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، ئابووریی بازاڕ لەژێر قۆرخکاریی خەڵکی خاوەن دەسەڵات ڕزگار دەکات و، کەرتی تایبەت بە یاساکانی بازاڕ هەڵدەسووڕێن؟ ئەگەر ئەمەتان کردووە، ئایا تا چەند لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەدا، بواری ئیستغلاکردنی بازاڕتان ڕەچاو کردووە بۆ ئەوەی بووژانەوەیەکی ڕاستەقینە لە ئابووریی کوردستان بێتەئاراوە؟**

- ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی کوردستان باسی ئەوەی کرد کە بە هیچ جۆرێك لە ئابووریدا قۆرخکاری نامێنێت، تەنانەت ئەو ١٠٠٠ پڕۆژە و پلانە ستراتیژییەی وەبەرهێنان کە ڕادەگەیەندرێت، بە ڕوونی و شەفافییەتەوە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە لەسەرجەم کەرت و سێکتەرەکاندا کێبڕکێ ڕێکدەخرێتەوە، چاکسازی و گۆڕانکاری لە بەرنامەو کاری ئابووری و بازاڕیش پێش هەموو شتێك ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت و دواتر دامەزراوەکان دەتوانن کاری زانستی و جددی لەسەر بکەن، لەم ڕووەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەڵگری پەیامی چاکسازی و گۆڕانکارییە لە ئابووریدا بە کردەوە دەستی بەم کارە کردووە و لە چەندین بواردا لێپرسینەوەی توندی لەگەڵ سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران ئەنجام داوە، سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاماژەی بە گرنگیی سیاسەت و نەخشەڕێگای زانستی کردووە بۆ گەشەپێدانی ئابووری لە ڕێگەی زیادکردنی داهات و ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و کەمکرنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان و هاندانی وەبەرهێنان و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی بۆیان. ئێمە توانیومانە سەرپێچیکاری وا بدەینە دەستەی دەستپاکی و دادگاکان کە پێشتر خۆی لە سەرووی یاساوە دادەنا، هەر ئەمەش بوو وایکرد بە سەدان پڕۆژەی نیشتەجێبوون دەست بە کارەکانیان بکەنەوە، شانبەشانی کارەکانی ئێمە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش هەنگاوەکانی چاکسازییان دەست پێکردووە و گرنگیی ئەم کابینەیە لەوەدایە هەموو وەزارەت و دامەزراوەکان وەکو تیمێك هاوکارو هەماهەنگی یەکترن و ئێمەش لە دەستەی وەبەرهێنان زۆر سوودمان لەم هاوکاری و پاڵپشتییانە وەرگرتووە، بەمەش بۆ یەکەمجارە وەزارەت و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بە پاڵپشتیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەکانی چاودێری و دەستپاکی پێکەوە فشارێکی زۆر بهێنن بۆ کەسانی گەندەڵکار و بەمنزیکانەش شوێنەوارەکانی ئەم جموجووڵە بەهێزەی حکومەت زیاتر دەردەکەوێت.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەڵگری پەیامی چاکسازی و گۆڕانکارییە لە ئابووریدا بە کردەوە دەستی بەم کارە کردووە و لە چەندین بواردا لێپرسینەوەی توندی لەگەڵ سەرپێچیکاران و گەندەڵکاران ئەنجام داوە**

**بۆ یەکەمجارە وەزارەت و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بە پاڵپشتیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەکانی چاودێری و دەستپاکی پێکەوە فشارێکی زۆر بهێنن بۆ کەسانی گەندەڵکار و بەمنزیکانەش شوێنەوارەکانی ئەم جموجووڵە بەهێزەی حکومەت زیاتر دەردەکەوێت**





## بەشار کیکی

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# خەڵکی پارێزگای نەینەوا ستایشی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەکەن و هەوڵدەدەن سوودی لێوەرگرن

# هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بۆ ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ شەرمنانەیە و لێی رازی نین

**مووسڵ وەك دووەم گەورە شاری عێراق بە هۆی داگیرکردنی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە، تووشی وێرانکاری و کاولکردن هات، سەرباری ئەوەش تا ئێستا هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و سڕینەوەی ئاسەواری شەڕ وەك پێویست نین، هەر ئەوەش رەنگە هۆکاری دەست لەکار کێشانەوەی پارێزگاری پێشووی مووسڵ بێت، بە هاتنی پارێزگاری نوێیش تا ئێستا گۆڕانکارییەکی بەرچاو نەکراوە. گوڵان چەندین پرسی تایبەت بە مووسڵی لەم دیمانەیەدا لەگەڵ بەشار کیکی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوتوێ کردووە.**

*** لەگەڵ ئەوەی مووسڵ بە هۆی شەڕی دژی داعشەوە کاولکاریی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و زیانێکی گەورەی پێکەوتووە، بەڵام پێناچێت حکومەتی فیدراڵیی عێراق وەك پێویست هەوڵیدابێت بۆ ئەوەی ئەم شارە ئاوەدان بکاتەوە و ئاسەواری شەڕی تێدا بسڕێتەوە، ئێوە تاچەند لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای مووسڵ رازین؟**

- بێگومان لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگای مووسڵ رازی نین و هەوڵەکان زۆر شەرمنانەبوون و تا ئێستاش بارودۆخی مووسڵ ئاسایی نەبۆتەوە، و دەبووایە حکومەتی فیدراڵیی عێراق خوێندنەوەی وردی بۆ بارودۆخی مووسڵ هەبووایە، بۆچی داعش توانی مووسڵ داگیر بکات و خەلافەتی خۆی لەوێ رابگەیەنێت و بۆ ماوەیەکی زۆریش بمێنێتەوە، هەر بۆیە زۆر پێویست بوو کە حکومەتی عێراقی بەرنامەی رێکوپێکی خۆی هەبووایە لە هەموو روویێکەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری داعش لە رووی هزری و دەروونی و ماددی نەهێڵێت، هەروەها پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ بەهۆی چەندین هۆکار بەرێکوپێکی ئەنجام نەدراوە و هۆکارەکەشی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بەغدا ململانێ دروست بوو لەسەر ئەوەی کێ ئیدارەی مووسڵ بکات، هەر بۆیە ئەگەر راپرسییەك لە پارێزگای مووسڵ بکرێت، بەوەی کە ئایا ئەوان رازین لەسەر پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ و قەرەبووکردنەوەی خەڵکی زەرەرمەند، بێگومان وەڵامی راپرسییەکە لە ٩٠٪ی نەخێر دەبێت. چونکە. لاوازیی ئیدارەی خۆجێیی مووسڵ و ململانێیی حزبی لەناو حکومەتی فیدراڵی رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پارێزگای نەینەوا هەبووە. واتە حکومەتی خۆجێیی مووسڵ و حکومەتی بەغدا نەیانتوانی بە زووترین کات دەست بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ

**لاوازیی ئیدارەی خۆجێی مووسڵ و ململانێی حزبی لەناو حکومەتی فیدراڵی ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پارێزگای نەینەوا هەبووە**

**هەموو خەڵکی پارێزگای نەینەوا بەردەوام ستایشی ئەزموونی ئەمنی و ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکەن و ئومێدەوارن و هەوڵدەدەن سوود لەو ئەزموونە وەربگرن**

بکەن و نەیانتوانی ژێرخانی ئابووریی مووسڵ بنیاد بنێنەوە، بەتایبەتی دروستکردنەوەی پردەکانی ناو مووسڵ کە رووخاون و نەماون، هەروەها قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە خانووەکانیان رووخاوە و زەرەرمەندی گەورە بوون، و تا ئێستاش ئەو بارودۆخە لە پارێزگای مووسڵ بە هەمانشێوە بەردەوامە،جگە لەوەی جۆرێك لە فەوزای ئیدارییش لە پارێزگای نەینەوا هەیە، لەوانەش گۆڕینی سێ پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی و پەروەردەی مووسڵ و لەم ماوەیەدا زیاتر لە پێنج بەڕێوەبەری گشتی لە پارێزگای مووسڵ ئاڵوگۆڕیان پێ کردوون، ئەمانە هەر هەمووی دەرئەنجامی ئەوەیە کە بێسەروبەری لە ئیدارەی پارێزگای نەینەوا هەیە و لە هەقیقەتیشدا بەغدا بەرپرسە لەو فەوزایە.

*** لەم ماوەیەدا پارێزگارێکی نوێ بۆ مووسڵ دانراوە، ئایا کاروبارەکانی مووسڵ لەدوای دەستبەکاربوونی پارێزگارەوە چۆن بووە و هۆکاری گۆڕینی ئەو پارێزگارە و بەرنامەی تازە بۆ ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ چییە؟**

- هۆکاری گۆڕینی پارێزگاری پێشووی مووسڵ ئەوە بوو کە خۆی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کردبوو، وردەکاریی ئەو بابەتە زۆرە، بەڵام پێویست ناکات باسی بکەم، گرنگ داواکەی لە رووی یاساییەوە قبووڵ کرا، ئەو بەڕێزەی ئێستاش پارێزگاری مووسڵە، پێشتر سەرکردەی عەمەلیاتی سەربازیی نەینەوا بوو، کەسایەتییەکی گونجاویشە بۆ ئەو پۆستە، پێشتریش قایمقامی تەلەعفەر بووە و پسپۆڕی لە بواری ئیداری و ئەمنی هەیە و کەسایەتیەکی مەعقوولە لەلایەن خەڵکی نەینەوا و لە عەشیرەتێکی گەورەیە لەسەر ئاستی مووسڵ و عێراق، ئەگەر پشتگیری و هاوکاریی ئەم پارێزگارە بکرێت و بەربەستی بۆ دروست نەکرێت، دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا هەندێك گۆڕانکاری بکات و جۆرێك لە سەقامگیریی ئیداری لە پارێزگای مووسڵ بێنێتەدی و ئەو پرۆژانەی کە لەناو پلانی ئیداریدایە، ئاراستەی خۆیان وەربگرن و بەرەو تەواوبوون بچن. ئومێدم بەو پارێزگارە نوێیە هەیە کە بتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا هەندێك گۆڕانکاریی ئەرێنی ئەنجام بدات. بێگومان پارێزگاری نوێ بەرنامەیەکی تازەی بۆ کارو ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیریی پارێزگاکە هەیە و ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان پشتیوانی لێ دەکەین، چونکە بۆمان گرنگە کە پارێزگای مووسڵ لە رووی ئەمنی و ئابووری سەقامگیر بێت، بۆ ئەوەی ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێم و مووسڵ بەهێز بێت و لە رووی ئەمنییش بتوانین هاوکاری یەکتر بین، لەدژی ئەو گرووپانەی کە دەیانەوێت ئاسایشی مووسڵ و هەرێمی کوردستان تێك بدەن، بەتایبەتی کە هەندێ شانەی نووستووی داعش لە مووسڵ و دەوروبەری ماون.

*** لەماوەی پێشوو پارێزگاری مووسڵ سەردانی سەرۆك بارزانی کرد، ئەمەش مانای ئەوەیە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پارێزگای نەینەواو و هەرێمی کوردستان هەیە، ئایا تاچەند بۆ ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ سوودتان لە ئەزموون و توانای هەرێمی کوردستان وەرگرتووە ؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە، هەموو پارێزگارەکانی مووسڵ لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ناتوانن بەبێ هەرێمی کوردستان نە ئەمنییەت و نە باری ئابووری و ئیدارەی مووسڵ بەڕێوە ببەن، خەڵکی مووسڵیش بەتایبەتی دوای ئەوەی داعش مووسڵی داگیر کرد و ئەو هەموو ئاوارەیەی لەلایەن هەرێمی کوردستان پێشوازی کران و حەوانەوە، بۆیان دەرکەوت کە خەڵکی هەرێمی کوردستان و خودی جەنابی سەرۆك بارزانی و پەیوەندیە مێژووییەکانی ئەوان لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو ناوچانە زۆر باشە و هەرێم پشت و پەنایەکی زۆر بەهێزە بۆیان. هەر بۆیە هەموو ئەو کەسانەی پارێزگاری مووسڵ بوون و هەر کەسێك بێت، ناتوانن پەیوەندیی باشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەبێت، ئەگەریش ئەوان بیانەوێت مووسڵ ئاوەدان ببێتەوە و پێش بکەوێت، ئەوە دەبێت مامەڵێکی زۆر باش و بەهێز و ئیجابی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، هەموو خەڵکی پارێزگای نەینەوا بەردەوام ستایشی ئەزموونی ئەمنی و

ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکەن و ئومێدەوارن و هەوڵدەدەن سوود لەو ئەزموونە وەربگرن.

*** جیا لەناوشاری مووسڵ ناوچە کوردستانییەکانی نەینەواش، تا رادەیەکی زۆر بە هۆی شەڕی دژی داعشەوە کاولکارییان بەسەردا هاتووە، ئایا تاچەند توانراوە ئەو ناوچانە ئاوەدان بکرێتەوە و خەڵکەی بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە؟**

- لە شنگاڵەوە تا دەگاتە مەخموور لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە سەردەمی هەموو پارێزگارەکانی مووسڵ بودجەی پێویست بۆ ئەو دەڤەرانە تەرخان نەکراوە و گرنگیی تەواو بەو ناوچە و شوێنانە نەدراوە و، هەموو کات کێشە و بەربەست بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان لەو دەڤەرانە بە هۆکاری جیاجیا دروست کراون و هەندێك لە کێشە و بەربەستەکان لەلایەن بەغداوە بووە و هەندێك لەو بەربەستانەش لەلایەن خودی ئیدارەی پارێزگای مووسڵەوە بووە، هاوکات لە دوای ساڵی ٢٠١٧ش ئێتر هاوکێشەکە بە تەواوەتی گۆڕا، کە حەشدی شەعبی دەستی بەسەر ئەمنییەتی مووسڵدا گرت و کۆنترۆڵی هەموو یەکەکانی پارێزگای مووسڵی کرد، بەمەش بارودۆخی ناوچەکە و نەبوونی هاوسەنگی و نەبوونی چاودێریکردنی پێویست و نەبوونی خزمەتگوزاری، وای کردووە تا ئێستاش بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەو ناوچانە نەگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێن و حاڵی خۆیان.

*** کێشەیەکی دیکەی نەینەوا قەزای شنگالە، کە بەشی هەرە زۆری ئێزدیین و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان نەماون، لە ئێستاشدا بەهۆی هێزەکانی حەشدی شەعبی و پەکەکە زیاتر ناوچەکەیان مەترسیدارتر بووە، ئایا تا چەند هەوڵتانداوە کێشەی شنگال و ئێزدییەکان چارەسەر بکەن؟**

- قەزای شنگاڵ و ناوچەکە خەڵکەکەی تەنیا ئێزدی نین، بەڵکو خەڵکی موسڵمان و هی دیکەشی هەیە، بەڵام کەمتر لە ١٠٪ی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ شوێنی خۆیان گەڕاونەتەوە، چونکە خەڵکەکە لە ئەمنییەتی ناوچەکە و خۆیان دڵنیا نین. ئەو هێزانەی لە شنگال و دەڤەرەکەن، ناتوانن ئەمنییەتی ناوچەکە بپارێزن و دەستێوەردانی جۆراوجۆر لەو ناوچانەدا هەیە. واتە قەزییەکە تەنیا ئەوە نییە کە خوشك و برایانی ئێزدی تووشی جینۆساید و کارەسات بوون، بەڵکو بارودۆخی ئەمنیی ئەو ناوچەیە هەر هەمووی باش نییە، چونکە سنوورەکە کراوەیە و حکومەتی عێراقیش بەرپرسە لەو دۆخەی لەو ناوچەیە هەیە، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق جددییەتی نییە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات، هەروەها ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن کە لە دەڤەری شنگال لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە وەك حەشدی شەعبی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پشتیوانیی داراییشیان دەکرێت.

**ئەو هێزانەی لە شنگال و دەڤەرەکەن، ناتوانن ئەمنییەتی ناوچەکە بپارێزن و دەستێوەردانی جۆراوجۆر لەو ناوچانەدا هەیە**

*** کارە خێرخوازییەکانی رێکخراوی خێرخوازیی بارزانی، تاچەند کاریگەری لەسەر رەوشی ناو مووسڵ هەبووە؟**

- بێگومان رێکخراوی خێرخوازیی بارزانی لەکاتی تەنگانەدا هاوکاریی ئاوارەکانی مووسڵی کردووە. هەروەها دوای پرۆسەی ئازادیی شاری مووسڵ لە دەستی داعش، رێکخراوی خێرخوازیی بارزانی بارەگا و نووسینگەی خۆیان لە شاری مووسڵ کردەوە، خەڵکی شارەکەش بە چاوی رێز و حورمەتەوە تەماشای کارو هەوڵەکانی ئەو رێکخراوە دەکەن، چونکە مانگانە هاوکاری و کۆمەکی خەڵك دەکات لە رووی دارایی و پێداویستیی ژیان و ئێمە کار و هاوکاری و کۆمەکەکانی رێکخراوی خێرخوازیی بارزانی زۆر بەرز دەنرخێنین. بەتایبەتی کردنەوەی نووسینگەی ئەو رێکخراوە لەناو مووسڵ ئەویش لەم بارودۆخە خراپەدا لە هەقیقەتدا کارێکی بوێرانەیە.

**ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن کە لە دەڤەری شنگال لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە وەک حەشدی شەعبی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پشتیوانیی داراییشیان دەکرێت**

*** بارودۆخی ئەمنیی شاری مووسڵ و ناوچەکە چۆن دەتوانرێت پارێزگاری لێ بکرێت؟**

- ئێمە هەموو کات و ئێستاش دەمانەوێت جگە لە هێزی پۆلیسی ناوخۆیی هیچ هێزێکی دیکە مەلەفی ئەمنی ناو شاری مووسڵ و شارەکانی دیکەی ناوچەکە نەگرێتە دەست و هێزەکانی دیکە واز لە مەلەفی ئەمنیی مووسڵ بێنن و بۆ چارەسەری بنەڕەتی و سەرەکیش هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە کە زۆرینەیان کوردن.

# نیعمەتی عەقڵ

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾[1]..

خودای گەورە دەفەرموێت: ئێمە نەوەی ئادەممان ڕێزدار و بەرز و بەقەدر کردووە بەسەر هەموو خوڵقێندراوەکانی دیکەوە. ئەڵبەتە ئەم شەرەفمەندی و کەرامەتە بە هۆی ئەو عەقڵەوەیە کە پێی بەخشیوین، هەر بۆیە عەقڵ واتە ژیری کە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی بەرپرسیارێتی لەو کارانەیە کە ڕۆژانە ئادەمیزاد لە نێوان یەکتردا ئەنجامی دەدەن، ئا لێرەوە گرنگیی عەقڵمان بۆ دەردەکەوێت، کەواتە مرۆڤی ژیر ئەوەیە چاك و خراپەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە، هەروەها چی بکات، تاکو سوود بە خۆی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنێت، با سەرنج بدەینە ئەو ئایەتە پیرۆزەی خودا کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾[2]..

لەم ئایەتەدا ئاماژە بۆ مرۆڤە ژیرەکان کراوە، بە شێوازێکی تایبەتی، چونکە هەرئەوانن تێدەگەن کە خودا ئەرز و ئاسمانەکانی دروستکردوون و ئەو شەو و ڕۆژ و گۆڕانکارییانەی کە یەك لە دوای یەك ڕوو دەدەن، بێ حیکمەت خەلقی نەکردوون، بەڵکو بۆ مەبەستێکی دیاریکراون. ئا ئەوە شەرەفمەندی و کەرامەتی مرۆڤە ژیرەکانە لای خودای باڵادەست کە لەو ئایەتەدا ناوی هێناون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە خودا ئاماژە بۆ کەسانێك دەکات بە خراپترینی ئەوانەی کە لەسەر گۆی ئەو زەوییە دەژین، هەر لە بەر ئەوەی عەقڵی خۆیان وەگەڕ ناخەن و بەکاری ناهێنن لە چاکەکردن و ئەنجامدانی کاری تەندروست کە خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی بکەن، لە دەرئەنجامی پەکخستنی عەقڵ دواجار هەر یەکە لە ئەندامانی بیستن و قسەکردن لە کار دەکەون، واتە نە قسەی باش بەسەر زمانیاندا دێت و نە شتی باش و چاك دەبیستن، بڕوانە چۆن ئەو جۆرە کەسانە وەسف و وێنا کراون لە لایەن پەروەردگارەوە کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴾[3].

دەبێت ئەوە بزانین کە عەقڵ پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی ئادەمیزادەکان و کە تەماشای قورئانی پیرۆزیش دەکەین، لە زوربەی ئایەتەکاندا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ عەقڵ کراوە.

لێرەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە ئامانجە خودایییەکان لە حوکمە شەرعییەکاندا واتە (مقاصد الشريعة) بریتین لە پاراستنی ئایین و نەفس و ناموس و سامان و ژیری، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی لێوە بکەین، پاراستنی ژیرییە، واتە: عەقڵ لە هەموو خواردنەوەیەك کە سەرخۆشی بکات، یان بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان، جا بە هەر شێوازێك بێت، چونکە لە دەستدانی عەقڵ بە هۆی ماددە بێهۆشکارەکان و خواردنەوە کحولییەکان دەرئەنجامی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی تەندروستی و خێزانی و کۆمەڵگە دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی ئالوودەی ئەو مەشرووبخواردن و ماددە بیهۆشکارانە بوونەتەوە. نامەوێت بچمە وردەکارییەکانەوە، چونکە هەمووان شارەزا و ئاگاداری سەدان نموونەی زیندوون لە نێو کۆمەڵگەدا، کە ئەوانەی عەقڵی خۆیان لە دەستداوە بەو هۆیەوە، چییان بەسەر هاتووە، نەك

**دەبێت چیتر ڕێگە نەدەن بە کۆمەڵێ باند و دز و جەردە و بازرگانی ماددە بیهۆشکەرەکان گەنج و لاو و تاکی میللەتەکەمان بکەنە قوربانیی ئارەزوو و خواستی خۆیان و دوژمنانمان**



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

تەنیا خۆیان، بەڵکو ماڵ و خێزان و کۆمەڵگەش تووشی نەهامەتی بوونە پێوەی، کاتێکیش کە باسی خراپی و کاریگەرییەکانی دەکەیت، کەسانێك بێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت لە تێگەیشتنی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتە سەحیحەکانی پێشەوامان محەمەد (د خ) و ئوسولی فیقهی ئیسلامی و زمانەوانی و ڕێزمانی عەرەبی واتە (نحو و صرف) بە سینگێکی فراوانەوە دەڵێن، کوانێ دەقێك لە قورئانی پیرۆز کە باس لە حەرامکردنی مەی واتە خواردنەوە بکات؟ بێ ئەوەی عەقڵی بخاتە کار بۆ تێگەیشتن لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و تێ بفکرێت و قاعیدەکانی ئوسولی فیقە بەکار بهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنیان، جابۆ ئەم مەبەستە حەز دەکەین تەماشایەکی کتێبی فەلسەفەی شەریعەت بکەن لە نووسینی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د.مستەفا زەڵمی کە چۆن باس لە حەرامکردنی مەیخواردنەوە دەکات لە قورئانی پیرۆزدا بە چوار قۆناغ :

١- خودا دەفەرموێت :(ومن ثمرات النخيل والأعناب تتخذون منه سكرا و رزقا حسنا إن في ذلك لآية لقوم يعقلون)[٤] واتە لە بەری خورما و ترێ، مەی و خواردەمەنی باش و چاکیان لێ بەدەست دەهێنن. ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین، لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەیە کە خودای مەزن باس لە شتێکی خراپ و شتێکی باش دەکات، دیارە شتە خراپەکە بە (سکرا) ناوی بردووە، شتە باشەکەشی بە (رزقا حسنا) ناو بردووە، سەرنج بدەن لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازی لێکدەرەی نێوان ئەو شتە خراپە و شتە باشەکە بە پیتی (واو)ە ئەوانەی شارەزای ڕێزمانی عەرەبین دەزانن ئەو (واو)ە، واوی (عطف المغايرة)[٥]ی پێ دەڵێن، واتە إن عطف المغايرة= عطف ضد على ضد، كأن تقول : الخير والشر، الصالح والفاسد، هذا عطف مغايرة) هەر لەو ئایەتە پیرۆزەدا (الحسن والقبيح)مان بۆ ڕوون دەبێتەوە بە (رزقا حسنا) بەو ئامرازی لێکدەرەی نێوانیان کە واوە (سكرا)، چونکە سەرخۆشبوون شتێکی قەبیحە و دژەکەی باشە (الحسن)ـە .

لێرەدا بۆمان ئاشکرا بوو کە خودا پێمان دەفەرموێت لە خورما و ترێ مەی دروست دەکرێت، کە خراپە، چونکە سەرخۆشکەرە، هەروەها خواردنێکی باشە، سوودی لێ وەربگرن، دیارە مرۆڤی عاقڵ و ژیر لەم پەیامەی خودا تێدەگات، واتە: تۆی مرۆڤ سەرپشك کراوی بۆ کام مەبەستیان هەوڵ دەدەیت، ئاخۆ لە خورما و ترێ مەی بە دەست دێنیت، یان دووەمیان هەڵدەبژێریت کە خواردنە باشەکەیەتی، ئەمە قۆناغی یەکەمی حەرامکردنی مەیخواردنەوەیە، بۆ زانیاریتان ئەم ئایەتە لە دوور و نزیکەوە ڕێگەی بە خواردنەوەی مەی نەداوە، نەك وەکو ئەوانەی بە هەڵە شرۆڤەی ئایەتەکە دەکەن، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕێزمانی عەرەبی و زمانەوانی بن.

٢- خودا دەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾[٦]، واتە ئەی پێغەمبەر پرسیارت لێ دەکرێت، سەبارەت بە عەرەق و قومارکردن، پێیان بڵێ ئەو دووانە گوناهی گەورەیان تێدایە و کەڵکیشیان هەیە، بەڵام گوناهەکانیان گەورەترن لە سوود و کەڵك لێ وەرگرتنیان، گەر سەرنج بدەینە ئایەتەکە جارێکی دیکە خودا فێری ئەوەمان

**ئەو نیعمەتی عەقڵەی کە خودا پێی بەخشیوت، دەبێت بەکاری بهێنیت لە کردەوەی چاك و باش بۆ خزمەتکردنی خودی خۆت و ماڵ و خێزان و گەل و نیشتمان**

دەكات چۆن هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجامەكان بكەین، تەماشا بكەن لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەكە، خودا بە هۆكاری دەق واتە (العلة المنصوصة) وەڵام دەداتەوە، كە دەفەرموێت: (قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ) واتە زەرەر و زیانێكی گەورەی هەیە، نەك گوناه بە قەرینەی (وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ) مادام باسی مەنافع دەكات، واتە كەڵكوەرگرتن لێیان، عەقڵ ئەوەمان پێ دەڵێت، هەر شتێك ویستمان بیكەین، دەبێت خوێندنەوەیەكی ورد بۆ دەرئەنجامەكانی بكەین، ئاخۆ قازانجی زیاترە، یا زیانەكانی، ئەگەر هاتوو زیانی زیاتر بوو، دەبێت دەستبەجێ لێی دوور بكەوینەوە، هەر بۆیە خودای باڵادەست بە هۆكاری دەق وەڵامی دایەوە، ئەگینا دەیفەرموو ئەوە حوكمی عەرەق و قوماركردنە، تاكو ئێمەی ئادەمیزاد ئەو ئایەتە بكەینە یاساو رێسایەك بۆ هەڵسەنگاندنی زیان و قازانجەكان لە هەر كردەوەیەك كە بمانەوێت ئەنجامی بدەین، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەكمان هەبێت، لە لایەكی دیكەوە ئەم (العلة المنصوصة)ـە واتە هۆكاری دەقە كە ئەوەیە كە دەقێك بە راشكاوی، یان لە ناواخندا ئاماژەی بۆ بكات[٧]، لە ڕووی حوكمدا وەكو(النص الصريح)ـە بگەڕێنەوە سەرچاوە ئوسوڵییەكانی فیقە.

كەواتە خودا یاسایەكی بۆ وێنا كردووین لەو ئایەتە كە هەر شتێك زیانەكەی زۆرو گەورەتر بوو لە قازانجی، ئەوا وەكو عەرەق و قومارە.

٣- خودا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقْرَبُوا الصَّلاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ﴾[٨]، ئەم بانگەوازەی خودای مەزن بۆ باوەڕدارانە نەبادا بە سەرخۆشی نزیكی نوێژكردن بنەوە، بۆ ئەوەی بزانن چی دەڵێن، دیارە لەو سەردەمەدا مەیخواردنەوە بەربڵاو بووە، جا بۆ بەرتەسكردنەوە و قەدەغە و حەرامكردنی مەی ئەم ئایەتە دابەزییە خوارەوە، لێرەدا هیچ ئاماژەیەكی تێدا نییە كە خودای مەزن ڕێگەی بە مەیخواردنەوە دابێت، بەڵكو دەیەوێت وردە وردە سەبر سەبر دووریان بكاتەوە لە خواردنەوەی، چونكە پێنج نوێژ فەرز كراوە لە پێنج كاتی جیاوازدا، ناكرێت لە نێوانیاندا بە سەر خۆشی بچیتە حزووری خودا، دەی كەواتە كاتی مەیخواردنەوە بەرتەسك كرایەوە بۆ ئەوەی ڕێگە خۆشكەر و هاندەر بێت بۆ وازهێنان بە یەكجاری .

٤-خودا دەفەرموێت: : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ * إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾[٩]. دیارە ئەمە قۆناغی چوارەمە لە قەدەغە و حەرامكردنی مەیخواردنەوە بە یەكجاری، ئەم فەرمانەی خودای مەزن بۆ هەموو باوەڕدارانە كە عارەق و قومار و ئەنساب و ئەزلام كە شتگەلی پیسن لە كردەوەی شەیتانن، لێی دوور بكەونەوە تاكو سەرفراز و سەركەوتوو بین. وشەی (اجْتَنَبَ) واتاكەی لە ڕووی زمانەوە: [اجْتَنَبَ الشيءَ : ابتعد عنه اجْتِنَابُ الْمَعَاصي : تَحَاشيهَا ، تَجَنُّبُهَا ، تَلَافِيهَا ، البُعْدُ عَنْهَا][١٠]، پێمان وایە پێویست بە شەرحكردنی دیكە ناكات و ماناكەی زۆر ڕوون و ئاشكرایە، خودا دەفەرموێت: بەلای ئەو شتانەدا مەڕۆن و لێی نزیك مەبنەوە، بۆ مرۆڤی ژیر تەنیا ئەوندە بەسە كە توخنی عارەقخواردنەوە و شتەكانی تریش نەكەوێتەوە كە لە ریزبەندی ئایەتەكەدا هاتوون، چونكە بە راستی عارەقخواردنەوە لە ریزی كوفركردنە، هەر بەپێی ئایەتەكە بۆ زیاتر ئاشنابوون لە تەفسیری ئەو ئایەتە دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەكانی تەفسیری قورئانی پیرۆز.

خاڵێكی دیكە كە پێویستە ئاماژەی پێ بكەین بریتییە لە دەستەواژەی﴿فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾، خودای مەزن ئامرازی (الاستفهام الإنكاري) بەكارهێناوە كە دەلالەت لە قەدەغەكردن دەكات بە توندترین شێواز [الإستفهام الإنكاري يدل على أن الأمر المستفهم عنه أمر منكر وقد يكون الذي ينكره العقل أو الشرع أو العرف أو القانون أو غير ذلك]. دەی كەواتە قورئانی پیرۆز دەستوورە و ئەركی دەستووریش (بەلای هەندێكیاندا ناچێت و وردەكاریی حوكمەكانی تێدا نییە و بە ناوهێنان باس لە هەموو شتێك ناكات، كورتهەڵاتووە لە رێسا گشتییەكان و بنچینە هەمەكییەكان و دروستكردنی چوارچێوەیەكی ڕەوشتی، بە عەقڵی مرۆڤ دەڵێت لەژێر تیشكی پێویستییەكانی ژیان لە دنیای فراواندا بجووڵێوە، بەو مەرجەی ئەو جووڵەیە لە سنووری ڕەوشتیدا بێت)[١١]، وەك دەفەرموێت:﴿ وتلك حدود الله ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه﴾[١٢]، ئەوەیە گرنگیی عەقڵ لە دۆزینەوە و پەیبردن بە حوكمە شەرعییەكان بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی وەك شارەزابوون لە ئوسوڵی فیقە و نحو و سەرف و زمانەوانیی هەندێ زانستی دیكە.

**ئەمڕۆ ئێمەی میللەتی كورد پێویستمان بە هەوڵ و كۆششی بیرمەندان و زانا و مامۆستایانی ئایینی و سەركردەی دڵسۆز و هیمەتی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆڵەی بە ئەمەكی ئەم كوردستانە هەیە**

**كاتێك مرۆڤ كە عەقڵ لە دەست دەدات بەهۆی ماددە كحولییە بێهۆشكەرەكانەوە، كارەسات دەنێتەوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت**

هەر بۆیە مرۆڤ کاتێك دەست بۆ مەسئەلەیەکی شەرعی دەبات، دەبێت عەقڵی خۆی وەگەڕ بخات بۆ دۆزینەوەی حوکمە شەرعییەکەی، بە پێی ئامرازە تایبەتەکانی، نابێت لەخۆڕا قسە لە بابەتێك بکات، کە هیچ شارەزاییەك و زانستێکی سەبارەت بەو بابەتەوە نەبێت، بۆ نموونە کاتێك کە پێغەمبەر (د خ) دەفەرموێت: (کل مسکر خمر، وکل مسکر حرام)[13] واتە: ئەوەی مرۆڤ سەرخۆش دەکات خەمرە (مەی)، کەواتە هەر سەرخۆشکەرێکش حەرامە، ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێت، عەقڵتان وەگەڕ بخەن بۆ دۆزینەوەی حوکمە شەرعییەکان، دەی کەواتە ئەم فەرموودەیە یاسایە و ڕێسایە بۆ مرۆڤەکان تاکو حوکمە شەرعییەکانی خۆیان لێ دەستکەوێت.

سەرنج بدەنە ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر (د خ) دەفەرموێت: (کل شراب أسکر فهو حرام)[14] واتە: هەر خواردنەوەیەك سەرخۆشت بکات، حەرامە، ئەم فەرموودەیەش یاسا و ڕێسایەکی دیکەیە، چۆن دەبێت جورئەتی ئەوە بکرێت، لێکدانەوەی هەڵە بۆ فەرموودەکان بکرێت و بوترێت پێغەمبەر (د خ) شەرابی خواردۆتەوە، (کان رسول الله ینتبذ له أول اللیل فیشربه إذا أصبح یومه ذلك واللیلة التي تجيء والغد واللیلة الأخری والغد إلی العصر فإن بقي شيء سقاه الخادم أو أمر به فصب) [15] واتە: لە سەرەتای شەوەوە خواردنەوە واتە (عصیر) دروست کراوە بۆ پێغەمبەری خودا (د خ) بۆ بەیانی لێی خواردۆتەوە، بە کورتییەکەی تاکو ٧٢ کاژێر لێی خواردۆتەوە، جا ئەگەر شتێکی لێ بمایەتەوە، دەیدا بەو کەسەی لە خزمەتیدا بوو، یان دەیفەرموو بیرژێنن، ئەم عەسیرە تامی وەکوو خۆی دەمایەوە، ئەو سێ ڕۆژە (٧٢) کاژێرە، بەڵام لە دوای ئەوە دەترشا و تامی دەگۆڕا، بۆیە پێغەمبەر (د خ) فەرمانی دەکرد بە ڕژاندنی، کەواتە هەر میوەیەك کرایە نێو جامێکی ئاوەوە، تاکو سێ ڕۆژ بۆت هەیە لێی بخۆیتەوە، لە دوای ئەوە دەبێت بیرێژیت، چونکە دەگۆڕێت و دەترشێت، واتە ڕێی پێ نەدراوە بیخۆیتەوە، لەبەر ئەوەی گومانی لێ دەکرێت سەرخۆشت بکات، وەك دەفەرموێت (کل شراب أسکر فهو حرام).

ئەو ئایەتانەی قۆرئانی پیرۆز و ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر (دخ) سەبارت بە قەدەغە و حەرامکردنی و ئەو خواردنەوانەی مرۆڤ سەرخۆش دەکەن لە پێناو پاراستنی عەقڵە (ژیری) یەکێکە لە ئامانجە خوداییە شەرعییەکان (مقاصد الشریعة)، چونکە بە ڕاستی کاتێك مرۆڤ کە عەقڵ لە دەست دەدات بەهۆی ماددە کحولییە بێهۆشکەرەکانەوە، کارەسات دەنێتەوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت.

هەر بۆیە ئەو نیعمەتی عەقڵەی کە خودا پێی بەخشیویت، دەبێت بەکاری بهێنیت لە کردەوەی چاك و باش بۆ خزمەتکردنی خودی خۆت و ماڵ و خێزان و گەل و نیشتمان، ئەمڕۆ ئێمەی میللەتی کورد پێویستمان بە هەوڵ و کۆششی بیرمەندان و زانا و دانا و مامۆستایانی ئایینی و سەرکردەی دڵسۆز و هیمەتی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆڵەی بە ئەمەکی ئەم کوردستانە هەیە، کە لەم بارودۆخە نالەبارە کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی ئایندەی نەوەکانمان بۆتەوە، خۆمان ڕزگار بکەین، لە ڕێی ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار و نووسین و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و چالاکیی جۆراوجۆرەوە بۆ وشیارکردنەوەی میللەتەکەمان لە خەتەری بڵاوبوونەوەی ماددە کحولی و بیهۆشکەرەکان و دەبێت چیتر ڕێگە نەدەن بە کۆمەڵێ باند و دز و جەردە و بازرگانی ماددە بیهۆشکەرەکان گەنج و لاو و تاکی میللەتەکەمان بکەنە قوربانیی ئارەزوو و خواستی خۆیان و دوژمنانمان.

---

١- سورة الاسراء الاية ٧٠ .
٢- سورة آل عمران الاية ١٩٠ .
٣- سورة الانفال الاية ٢٢ .
٤- سورة النحل الاية ٦٧ .
٥- دراسات لأسلوب القرآن الكریم / تألیف محمد عبدالخالق عضیمة – دار الحدیث – القاهرة ١٣٩٢- ١٩٧٢ بدون طبعة . القسم الأول ج٣ ص٥٦٤ ا
٦- سورة البقرة الاية ٢١٩ .
٧- ئوسولی فیقە لە دارشتنێکی نوێدا / بڕۆفیسۆر مستەفا زەڵمی ص١٥٨ .
٨- سورة النساء الاية ٤٣ .
٩- سورة المائدة الاية ٩٠-٩١ .
١٠- المعجم الوسیط / إبراهیم أنیس و عبدالحلیم منتصر و عطیة الصوالحي و محمد خلف الله أحمد / الناشر مجمع اللغة العربیة - مکتبة الشروق الدولیة – سنة ٢٠٠٤ ط٤ ص ١٣٨ مادة جنب . ولسلن العرب ج ٢ ص ٣٧٣ مادة جنب
١١- ئوسولی فیقە لە دارشتنێکی نوێدا / بڕۆفیسۆر مستەفا زەڵمی ص٣٩.
١٢- سورة الطلاق الاية ١ .
١٣- نیل الاوطار/ للشوکاني رقم الحدیث ٣٦٩٧ ج١٥ ص ١٨٨.
١٤- نیل الاوطار / الشوکاني رقم الحدیث ٣٦٩٨ ج١٥ ١٨٨ .
١٥- صحیح مسلم رقم الحدیث ٢٠٠٤ ج٧ ص ٩٤ .

**لە دەرئەنجامی پەککستنی عەقڵ دواجار هەر یەکە لە ئەندامانی بیستن و قسەکردن لە کار دەکەون، واتە نە قسەی باش بەسەر زمانیاندا دێت و نە شتی باش و چاک دەبیستن**

**عەقڵ واتە ژیری کە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی بەرپرسیارێتی لەو کارانەیە کە ڕۆژانە ئادەمیزاد لە نێوان یەکتردا ئەنجامی دەدەن**

# قۆرخکردنی حەقیقەت:
# توندڕەوی، تاکڕەوی، تەکفیر، تیرۆر

دەتوانین بڵێین مەترسیی و زیانێکی زۆرمان توش دەبێت، ئەگەر کەسانێك ڕێگە بە خۆیان بدەن، حەقیقەت قۆرخ بکەن و بڵێن: حەقیقەت هەر ئەوەیە کە ئێمە دەیزانین، لەو زیان و مەترسییانەش:

یەکەم: توندڕەوی، مرۆڤ ئەو کاتە توندڕەو دەبێت کە بڵێت: ئەوەی من دەیزانم هەر ئەوە راستە، یان لای وابێت تەنیاو تەنیا هزر و بیری ئەو بێخەوش و هەڵەیە.

دووەم: تاکڕەوی، هەموو توندڕەوییەکی فکری لە هزر و خەیاڵدا دواجار لە واقیع و بواری پراکتیزەکردندا تاکڕەوی بەرهەم دەهێنێت، کە ئەمەش قبووڵنەکردنی بەرامبەری لێ دەکەوێتەوە.

سێیەم: تەکفیر، لە رووی ئایینیشەوە ئەگەر یەکێك قەناعەتی وابوو کە حەقیقەت هەمووی لای ئەوە، یان لای شێخەکەی ئەوە، یان لای زاناکەی ئەوە، یان لەلای رێکخراوە ئایینییەکەی ئەوە، هەمان ئەم تاکڕەوییەی بۆ دروست دەبێت و ئیدی کەسی دیکە قبوڵ ناکات و هەر لێرەوە تەکفیر پەیدا دەبێت، چونکە مرۆڤ هەرکات پێی وابوو ئیمانی حەقیقی هەموو لای خۆیەتی، ئەو دەمە ئەوانی دیکە کافر دەکات.

چوارەم: تیرۆر، بەم شێوەیەش کاتێك توندڕەویی هزرو فکر سەردەکێشێت بۆ تاکڕەوی لە رەفتاردا، ئەویش سەردەکێشێت بۆ تەکفیرکردن، لەوێشەوە سەردەکێشێت بۆ تیرۆرو کوشتنی خەڵك.

ئەم هەموو دەرەنجامە ترسناکانە هی هزر و فکرن و لە هزر و فکریشەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە دەبێت لە هەر کەسێکی توندڕەو بترسین، موسڵمان بێت، یان ناموسڵمان، توندڕەوی ئایینی بێت، یان مەزهەبی، یان نەتەوەیی.

کەواتە لە رووی ئایینییەوە چی بکەین بۆ ئەوەی رێگری لە قۆرخکردنی حەقیقەت بکرێت؟

یەکەم: زانینی ئەو راستییەی کە ئەوەی ئایین، ئایینی خودایە و گشتگیرە و وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەکانی ئێمەی داوەتەوە، ئەمە راستە، بەڵام گشتگیریی ئایین یەکسان نییە بە گشتگیریی ئاییندار و ئایینداری.

کەواتە کاتێك دەڵێیت ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیرە بۆ ژیان، ئەمە راستە، بەڵام هەر هەموو ئەم گشتگیرییە نابێت مەزهەبێك، یان گرووپێك، یان حزبێك، یان تەریقەتێك



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

خۆی بکات بە خاوەنی هەر هەمووی، بۆیە گشتگیریی ئایین یەکسان نییە بە گشگیریی ئاییندار، یان ئاییننداری.

دووەم: هەر وەکو پارچەکانی هەر ئاوێنەیەکی شکاو یەکسان نییە بە کۆی خودی ئاوێنەکە، هەر ئاواش حەقیقەت ئاوێنەیەکە، بەڵام ئێستا ئەم ئاوێنە گەورەیە لە دەستی کەسماندا نییە.

لە سەردەمی خۆیدا ئاوێنە گەورەکەی ئایین لە لای پێغەمبەر بووە (دروودی خوای لەسەر) چونکە وەحی و سرووشی لە ئاسمانەوە بۆ دەهات، لە دوای وەفاتییەوە ئاوێنەکە لای هەموومانە، بەڵام هەریەکەو پارچەیەکی لەلایە، یانی کەس ناتوانێت خۆی بکاتە بە نوێنەری هەمووان.

بۆیە بەدیعوزەمان شێخ سەعیدی کوردی دەڵێت: ئەو پارچە ئاوێنەیەی بە دەستی تۆوەیە لە بەردەمی تیشکی رۆژدا رایبگرە، ئەوسا دەتوانیت بڵێیت ئەم خۆرەی لە ئاسماندا هەیە، وا لە ئاوێنەی مندایە، بەڵام هەر کەسێکی دیکەش کە پارچەیەك ئاوێنەی بەدەستەوە بێت، دەڵێت خۆر وا لە ئاوێنەی منیشدایە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی لە ئاوێنەی هەر یەکێکدایە، وێنەی خۆرە، نەك خودی خۆر و هەتاو.

لەبەرئەوەیە دەبینیت ئەم قورئانە یەك قورئانە، بەڵام سەدان تەفسیری هەیە، فەرموودەیەك هەمان فەرموودەیە، بەڵام سەدان راڤەی بۆ کراوە، چەندین مەزهەبمان هەیە لە سوننی: شافیعی، مالیکی، حەنبەلی، حەنەفی. لە شیعە: زەیدی، ئیمامیی، جەعفەریی. لە سۆفیی: قادریی، نەقشبەندیی، ریفاعی. لە سەلەفی: سەلەفیی زانستی، سەلەفیی جیهادی و.. هتد، بۆیە شەریعەت فراوانە و رێگا پانەکەیە، بەڵام کە بوو بە (منهاج)، (منهاج) بریتییە لە رێگە باریکەکان، کە لق و فەرعێکن لە ئەودا، بۆیە ئەوە مافی ئێمەیە کە فکر بکەین و راڤە بۆ دەقەکان بکەین، بەڵام نابێت راڤەکانمان لەسەر یەکدی فەرز بکەین.

کەواتە هەرچی موسڵمان بە دەستی موسڵمان کوژراوە لە رابردووەوە تا ئێستا، زۆربەی لە پای ئەوە بووە کە هەر لایەکیان پێی وابووە ئەو حەقیقەتەی لای ئەوە و هەر ئەوە حەقیقەتی موتڵەق و رەهایە و ئیدی لەوە زیاتر حەقیقەتێك بوونی نییە، کە کاریش گەیشتە ئەم حاڵەتە، ئەوسا توندڕەو دەبێتە تاکڕەو، تاکڕەو دەبێت بە تەکفیری و ئیدی تیرۆر دەست پێ دەکات.



## دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتیح

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بۆ گوڵان:

# لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نەخۆشخانەیەکی راوێژکاریی منداڵان دەکرێتەوە

**تەندروستی و ساخڵەمی لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەر تاکێکە و لە سەرانسەری وڵاتانی جیهانیشدا بایەخێکی زۆری پێ دەدەن، بەڵام لە زۆر وڵاتیشدا (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) کێشە و کەموکووڕیی هەیە و پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێکارەکانی چارەسەر هەیە. گۆڤاری گوڵان لەم دیمانەیەدا چەندین پرسی گرینگی لە سەر هێڵە گشتییەکانی تەندروستی ئاراستەی دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتیح بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر کردووە.**

*** بەرنامە و پلانتان بۆ چوار ساڵی داهاتووی کەرتی تەندروستی بەپێی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە و تا چەند ئەو کارو بەرنامە و هێڵە گشتییانەی تەندروستی خزمەت بە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- ئێمە جەخت لەسەر هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەینەوە، کە گرنگترینیان پابەندبوونی دەوامی فەرمانبەر و کارمەند و پزیشکانە، بۆ ئەو مەبەستەش پەنجەمۆرمان داناوە، تاوەکو دەوامکردنەکە بە ڕێکوپێکی بێت و هەوڵمانداوە ڕۆتینیات کەم بکرێتەوە و کاری هاووڵاتیان بە باشی و خێراتر لە جاران بەڕێوەبچێت، هاوکات لە کارنامەی حکومەتی هەرێم هاتووە، لە هەموو ڕوویێکەوە چاکسازی بکرێت، بۆیە لە هەر شوێنێك کەمتەرخەمی و لادان هەبێت، یان کەسانێك لە کەرتی تەندروستی بە لاڕێدا چووبن، کاریان لەسەر دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەیان و هەر کارو بەرنامەیەکی باشیش لە پێش خۆمان هەنگاوی بۆ نرابێت، ئێمە بەردەوامی پێ دەدەین، تاوەکو تەواو دەبێت. تەندروستی پێداویستیی سەرەکیی هەر تاك و خێزانێکە و پێویستە زۆرترین بایەخی پێ بدرێت. لە ئێستادا زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس لە کەرتی تەندروستی گشتیی لە سنووری پارێزگای هەولێر کار دەکەن، بە هەمووشمانەوە هەوڵ دەدەین خزمەتگوزاری پێشکەش بە نەخۆش و هاووڵاتیان بکەین. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نەخۆشخانەیەکی راوێژکاریی منداڵان دەکرێتەوە، کە باڵەخانەیەکی سەربەخۆیە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین خزمەتی منداڵانی نەخۆش بکەین. هەروەها شان بەشانی وەزارەتی تەندروستی پلانمان هەیە کە سیستەمی بیمە دروست بکرێت، چونکە لەسەر ئاستی هەموو کوردستانە و کاری سەرەکی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت و ئێمەش لەگەڵیانین تاوەکو بتوانین پرۆژەکە سەرکەوتن بەدەست بێنێت، سیستەمی بیمەی تەندروستی یەکێکە لەو پرۆژە گرنگانە و ئەگەر لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە بواری جێبەجێکردن ٩٠٪ی گرفتەکانی کەرتی تەندروستی لە هەموو هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکات.

*** ماوەی چەند هەفتەیەکە دنیا بەگشتی و کەرتی تەندروستی بەتایبەتی لەهەموو وڵاتانی**

**لە ئێستادا زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس لە کەرتی تەندروستی گشتیی لە سنووری پارێزگای هەولێر کار دەکەن**

**نەخۆشخانەیەکی راوێژکاریی منداڵان دەکرێتەوە، کە باڵەخانەیەکی سەربەخۆیە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین خزمەتی منداڵانی نەخۆش بکەین**

**جیهانـدا سـەرقاڵی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی «کۆرۆنا»ن کە لـە وڵاتی چین زۆر بـە توندی سـەریهەڵداوە، بۆ خۆپاراستن لـەم ڤایرۆسە چیتان کردووە و ڕێنمایی تایبـەت بـەو نەخۆشیە چییـە؟ ئایا هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بـەو ڤایرۆسـە لـە هەولێر تۆمـار کراوە؟**

- کۆرۆنـا ڤایرۆسـێکە زیاتـر لـە وڵاتـی چیـن سـەری هەڵـداوە و لـە پاشـان تەشـەنەی کـرد و چەنـد وڵاتێکـی دیکـە گومانـی تووشـبوونیان بـەو ڤایرۆسـە لەسـەر هەیـە، لەچەنـد وڵاتێکیـش ژمارەیەکـی کـەم لـەو حاڵەتـە تۆمـار کـراون، و هـەر لەگـەڵ باسـی بڵاوبوونـەوەی ئـەو ڤایرۆسـە لـە چیـن، وەزارەتـی تەندروسـتیی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان ڕێنماییـان بـۆ خۆپاراسـتن و چارەسـەرکردنی داوە، ئێمـەش لەسـەر ڕێنماییەکانی وەزارەتـی تەندروسـتیی هەرێمـی کوردسـتان ئامـادەکاری و ئیجرائـات بـۆ خۆپاراسـتن لـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا دەکەیـن، هـاوکات لـە خاڵـە سـنوورییەکان ئیجرائاتـی پێویسـت ئەنجـام دەدرێـت، بەتایبەتـی لەگـەڵ ئەوانـەی لـە وڵاتـی چیـن دەگەڕێنـەوە، یـان خەڵکـی چینـن، هەروەهـا لـە فرۆکەخانـەی هەولێـر بەڕێوەبەرایەتیـی تەندروسـتیی فڕۆکەخانەمـان هەیـە بـۆ ئەوانـەی بەتایبەتـی لـە چیـن دێـن، پشـکنینی وردی تەندروسـتی پیـادە دەکرێـت، ئەگـەر هـەر کەسـێك گومـان، یـان نیشـانەی ئـەو ڤایرۆسـەی هەبێـت، بـۆ مـاوەی ١٤ڕۆژ لـە شـوێنێك دادەنرێـت و چاودێـری دەکرێـت، ئەگەریـش گومـان و نیشـانەی ڤایرۆسـەکەی نەبێـت، ئـەوە ڕەوانـەی مـاڵ و شـوێنی خـۆی دەکـرێ و کۆنتاکتیـان لـە ڕێـگای تەلەفـۆن و ناونیشـانەوە لەگـەڵ دروسـت دەکرێـت، بـۆ بەدواداچـوون و چاودێریکردنیـان.

*** ئایـا بەرنامەتـان هەیـە کـە دەرچووانـی کۆلێژەکانی پزیشکی بەپێی پێویست دابمەزرێنن، بەتایبەتـی کـە لێرەو لـەوێ دەبیسـتین بنکەکانی تەندروسـتی و نەخۆشـخانەکان پێویسـتیان بـە پزیشـك هەیـە؟**

- دامەزرانـدن بـە بڕیـاری حکومەتـی هەرێمـی کوردستان لـە هەمـوو کـەرت و بوارێـك ڕاگیـراوە و نییـە، ئەگەرچـی لـە مـاوەی ڕابـردوودا دامەزرانـدن بـۆ پزیشـکانی گشـتی کـرا، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان پلەبەندییـان هەیـە و ئـەو پلەبەندییـەش وادەکات کەمیـی پزیشـك لـەو بەشـە دروسـت دەبێـت، هەروەهـا ئێسـتا ئێمـە لەگـەڵ وەزارەتـی تەندروسـتی لـە هەوڵدایـن پزیشـکانی ددان و هەندێـك کارمەنـدی تەندروسـتی کـە گرنگـن بـە گرێبەسـت، یـان بـە شـێوەی هەمیشـەیی دابمەزرێنیـن، بـەڵام تـا ئێسـتا ڕەزامەنـدی لەسـەر ئـەو دامەزراندنـە و شـێوەی دامەزراندنەکـە نـەدراوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە لـە هەوڵەکانمـان بـەردەوام دەبیـن، تاوەکـو بتوانیـن پزیشـکان و دەرمانسـازان و ددانسـازان و کارمەندانـی تەندروسـتی بەپێـی پێویسـت دابمەزرێنیـن.

*** بەپێی ڕێنمایی و یاساکان و ئەو بڕیارانەی هەیـە، بەشـە دەرمـان و ئامێـر و پێداویسـتیی تەندروسـتیتان لـە حکومەتـی عێراقـی فیدراڵـەوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دێـت، ئەگـەر دوای بخـەن، ئێـوە چـۆن دابینـی دەکـەن؟**

- بەپێـی بودجـەی عێـراق، بەشـە بودجـەی داودەرمـان و ئامێـر و پێداویسـتیی تەندروسـتی و پزیشـکی لەسـەر بودجـەی سـیادییە کـە لەلایـەن بەغـداوە لـە ڕێـگای وەزارەتـی تەندروسـتی دابیـن دەکرێـت و بەشـی هەرێمـی کوردسـتانیش هـەر چەنـدە کەمیشـە ڕەوانـە دەکرێـت، بەهـۆی خراپیـی بارودۆخـی عێـراق کەرتـی تەندروسـتی بەتایبەتـی لـە ئامێـر و دەرمـان کێشـە و گرفتـی زۆری هەیـە، ئەمـەش کاریگەریـی نەخـوازراوی لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بـۆ نموونـە ئامێرە گەورەکانمـان بەشـێکیان وەك سـیتی سـکان و ڕەنینـی موگناتیسـی سـازدانەوەیان (صیانـة) لەسـەر بەغدایـە، لـە کاتێکـدا ئـەو ئامێرانـە پێویسـیان بـە سازدانەوەیە ئـەو کۆمپانییانـەی ئـەو کارە دەکـەن، گرێبەسـەکانیان نـوێ نەکراوەتـەوە، تاوەکـو ئـەو ئامێرانـە سـازدانەوەیان بـۆ بکرێـت، لەلای خۆشمان لە هەرێمی کوردستان ناتوانرێت ئـەو ئامێرانـە سـازدانەوەیان بـۆ ئەنجـام بدرێـت، بۆیـە ئـەو ئامێرانـە لەکارکـردن ڕادەوەسـتن، هـەر بۆیـە زۆرجار هاووڵاتیان لەسەر کارنەکردنی ئـەو ئامێرانـە گلەیـی دەکـەن، ئەگەرچـی هۆکارەکـەی نـە ئێمەیـن و نـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە، بەڵکـو گرێبەسـتەکانیان لـە بەغدایـە و هـەر دەبێـت لەوێـش چاککردنـەوە و سـازدانەوەیان بـۆ بکرێـت، هـاوکات دەبێـت داودەرمـان لـە بەغـداوە بۆمـان ڕەوانـە بکرێـت، بـەڵام زۆرجار ئـەو بەشـە

**شان بەشانی وەزارەتی تەندروستی پلانمان هەیە کە سیستەمی بیمە دروست بکرێت، چونکە لەسەر ئاستی هەموو کوردستانە و کاری سەرەکی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت و ئێمەش لەگەڵیانین تاوەکو بتوانین پرۆژەکە سەرکەوتن بەدەست بێنێت**

**سیستەمی بیمەی تەندروستی یەکێکە لەو پرۆژە گرنگانە و ئەگەر لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە بواری جێبەجێکردن ٩٠٪ی گرفتەکانی کەرتی تەندروستی لە هەموو هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکات**

دەرمانەش بەپێی پێویست و بودجەکەی تەرخان کراوە، کەمترمان بۆ دێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە داودەرمان حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تەرخان کردووە و لەکاتێکدا بەشە دەرمانمان لە بەغداوە کەمتر بۆ بێت، ئەوا لە ڕێگای بودجەکەی هەرێمی کوردستانەوە ئەو بۆشاییەی پڕدەکەینەوە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان بۆ هێنانی دەرمان لە ڕێگای کۆمپانیای تایبەتمەند و پسپۆڕ و مۆڵەتپێدراو ئەو کارە ئەنجام دەدەین. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانیش هاوکاری و هەماهەنگیی باشی لەگەڵ بەغدا هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕۆتینە زۆرانەی لە وەزارەتی تەندروستیی بەغدا هەیە، ئەو گرێبەستانە تازە ناکرێنەوە کە تایبەتن بۆ هێنان و سازدانەوەی ئامێرە پزیشکییەکان.

*** بۆ زیاتر برەودان بە کەرتی تەندروستی لە پارێزگای هەولێر پەیوەندی و هەماهەنگیتان لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهان (WHO) چۆنە؟**

- هەماهەنگیمان لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) زۆر باشە و ئەو ڕێکخراوە لە نزیکەوە لەگەڵمانن، بەتایبەتی لەو کاتەی کە ڤایرۆس و هەوکردنەوەکان بڵاودەبنەوە، هەروەها ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوکاریمان دەکەن لە کاروباری تەندروستیی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکاندا و زۆرجاریش بەپێی توانای خۆیان یارمەتمان دەدەن، چاوەڕوانی زیاتریش لەم ڕێکخراوە دەکەین، ئەو هاوکاری و هەماهەنگییانە بارسووکی و کاریگەری ئەرێنییان لەسەر ئەرک و کارەکانمان هەیە.

*** پەیوەندی و هەماهەنگیتان لەگەڵ سەندیکاکانی پزیشکان و دەرمانسازان و ددانسازان و کارمەندانی تەندروستی چۆنە و بۆچی پاش ئەو هەموو بڕیار و ڕێنماییانە نەتوانراوە نۆرینگەی کۆڵانەکان لە ناو شارو سنووری پارێزگای هەولێر دابخرێت؟**

- سەندیکاکانی کەرتی تەندروستی زۆربەی کات هاوکارمانن و ڕۆڵی باش و کاریگەریان هەبووە لە پشتگیریکردنی دەزگا تەندروستییەکان و ئێمەش لە نزیکەوە لەگەڵ سەندیکاکانی پزیشکی و دەرمانسازی و ددانسازی و کارمەندانی تەندروستی هاوکار و هەماهەنگین و کۆبوونەوەی بەردەوامان لەسەر پرسەکان لەگەڵیان هەیە. سەبارەت بە نۆرینگە لاکۆڵانەکان، ئەوا ڕێنمایی تایبەتیان بۆ دەرچووە کە چەند کارو ئایتیمێك هەیە دەتوانن تەنیا لەو بوارانەوە کار بکەن، هەروەها بەردەوام لە ڕێگای سەندیکا و لێژنەکانمانەوە بەدواداچوون و چاودێرییان دەکرێت و هەر کاتێك لە ڕێنماییەکان دەربچن، ئیجراتیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت.

*** ئایا هیچ کارو بەرنامەو هەوڵێك هەیە بۆ پێداچوونەوە بەنرخی نۆرینگە پزیشکییەکان کە هاووڵاتیان زۆر جار لە گرانیی نرخەکان گلەییان هەیە؟**

- ئێمە پێشنیارەکانمان لەسەر نرخ و جۆری نۆرینگەکان لە ڕێگای نوێنەرەکانمانەوە بە لێژنەکان گەیاندووە کە لە وەزارەتی تەندروستین، ئێستا وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان پلانی تازەی هەیە بۆ ئەوەی ڕێنمایی و نرخی نوێ بۆ پزیشکان و نۆرینگەکان و نەخۆشخانە تایبەتەکان بەپێی پسپۆڕایەتییان دیاری بکات. سەبارەت بە کەرتی تەندروستی تایبەت ئەوە ئێمە هەر چەندە گرنگییەکی زۆر بە کەرتی گشتی و نەخۆشخانە حکومییەکان دەدەین، بۆ ئەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە نەخۆشخانە گشتییەکان و بنکە تەندروستییەکان زۆر بەرز و باش بێت، هاوکات لێژنەمان هەیە کە بەدواداچوون لەسەر نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت دەکەن و دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین کەرتی تایبەتیش ڕۆڵیان هەبووە لە خزمەتکردنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە لە کەرتی تەندروستیی گشتی خزمەتگوزاریی باش و سەرکەوتوو پێشکەش بە خەڵك بکەین. هەر بۆیە ئاستی خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتی زۆر باش و بەرزترە لەوەی بەراوردی بکەین بە کەرتی تایبەت، ئەگەرچی خەڵکانێك کە تەنیا کەموکورییەك لە کەرتی گشتی دەبینن، وادەزانن کەرتی تایبەت باشترە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێستا کەرتی تەندروستیی گشتی لە هەولێر و هەرێمی کوردستان بەگشتی زۆر پێشکەوتوو و هاوچەرخە.

**ئێمە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لە هەوڵداین پزیشکانی ددان و هەندێك کارمەندی تەندروستی کە گرنگن بە گرێبەست، یان بە شێوەی هەمیشەیی دابمەزرێنین، بەڵام تا ئێستا ڕەزامەندی لەسەر ئەو دامەزراندنە و شێوەی دامەزراندنەکە نەدراوە**

**بەهۆی خراپیی بارودۆخی عێراق کەرتی تەندروستی بەتایبەتی لە ئامێر و دەرمان کێشە و گرفتی زۆری هەیە، ئەمەش کاریگەریی نەخوازراوی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە**

# میدیاو کولتوور وەک هێزی نەرم..کورد چەندە ئەم هێزەی هەیە؟

ئەگەرچی لە مێژووی مرۆڤایەتی و هەموو شارستانیەتەکاندا، کولتوور پرسێکی گرنگ بووە و کاتێك هێزێك شوێنێك، یان وڵاتێکی داگیر کردووە، هەوڵی داوە کولتووری خۆی بەسەریدا بسەپێنێت، هەموو وڵاتیکیش وەك پاراستنی شارستانیەت و نەتەوەکەی کولتووری بەهەند وەرگرتووە، بەڵام وەك ئەوەی بە شێوازێکی پلان بۆ دارێژراو و ئامانجدار کاری بۆ بکرێت و، ئەم هێزە نەرمە وەك هێزێك بۆ داگیرکاری بەکار بهێندرێت، ئەوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێك ئەمریکا و هەندێك لە وڵاتە زلهێزەکان براوەی جەنگ بوون، ئەڵبەت لەو کاتەشدا خاوەن پردی پەیوەندیی بەهێزی نێوان وڵاتان بوون، کە بە هۆی جەنگەوە دەستیان کەوتبوو، هەروەك خاوەن کاڵا و شتومەکێکی زۆر بوون کە پێویستی بە ساغکردنەوە هەبوو، لە هەمان کاتدا بوونی تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتووی زۆر، بەتایبەتی تەکنەلۆژیای زانیاری کە دەتوانرێت زۆر ئاسان بەرهەمە میدیایی و کولتوورییەکانی پێ بگوازرێتەوە. ئەمانە هەموو وای لە ئەمریکاو ئەو وڵاتە زلهێزانە کرد، کە بیر لە جەنگی کولتووری و داگیرکاریی کولتووری بکەنەوە، کولتوور وەك هێزێکی نەرم بەکار بهێنن بۆ ئەوەی پشتبەستنی وڵاتان بەوان بەردەوام بێت. بۆ ئەمەش میدیایان وەك ئامرازێکی کاریگەر بەکار هینا، بەرهەمە میدیاییەکانی وەك دراماکان و فیلمە دۆبلاج کراوە ئاراستەکراوەکان لە وڵاتانی بەرهەمهێنی میدیاییەوە بۆ وڵاتانی هەژار و لاواز لە بەرهەمی میدیایی و کاڵای پیشەسازی، تا ئێستا بە رای هەرە زۆری پسپۆڕانی بواری میدیا و کۆمەڵناسی دراما و فیلمەکان ئامرازی کاریگەری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتین، بەتایبەت بۆ گۆڕانکاریی کولتووری، ئەوەتا دەبینین تورکیا و ئێران و کۆریا و مەکسیك و وڵاتانی دیکەیش بە هۆی ئەم درامایانەوە پێشبرکێی هەیمەنەی کولتووریی خۆیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی دیکە لە وڵاتانی جیهان دەکەن.

کورد بە حوکمی نەبوونی دەوڵەت و کیانی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەربەخۆی خۆی کە هەمیشە داگیرکەرەکانی ویستوویانە کولتوور و ناسنامەکەی بسڕنەوە، نەك نەیتوانیوە کولتوور وەك هێزی نەرم بەکار بهێنێت، بەڵکو توانای پاراستنی کولتوور و ناسنامەکەی خۆیشی نەبووە، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی بەرهەمی میدیا و پشتبەستنی بە بەرهەمی میدیایی دەرەوە هۆکاریکی دیکەی نەبوونی ئەو هێزە نەرمە بوون، جگە لەوەش بەشێك لە ناساندنی کولتوور ئەرکی سەفارەت و کونسوڵەکانە کە کورد دیسانەوە بە هۆی نەبوونی دەوڵەت لەمەدا لاواز بووە، نەبوونی ئاستێکی باش لە دیپلۆماسییەتی نێودەوڵەتی هۆکارێکی دیکەی بەکارنەهێنانی ئەو هێزە نەرمەیە. ئەوەش راستە بیڵێین کە کورد خۆیشی بیری لەمە نەکردووەتەوە تا لەسەر ئاستێکی بچووکیش بێت، ئەو هێزە بەکار بهێنێت و کولتوور و ناسنامەی خۆی بە جیهان بناسێنێت. سەرباری ئەوەی داگیرکەران بە درێژایی مێژوو وا کاریگەرییان لە زیهنییەتی تاکی کورد کردووە کە هەست بە کەمی بکات بەرامبەر پاراستنی کولتوورەکەی و چاولێکەری بۆ هەڵگری کولتووری بێگانە بکات.

ماوە ئەوە بڵێین کە کورد لەم هەلومەرجەی ئێستای بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەریکە دەرفەتی زیاتری دەبێت، کە بچێتە ئاستێکی نێودەوڵەتییەوە لە دوو پارچەی کوردستان کە باشور و رۆژاوایە، سەربەخۆییەکی وای هەیە کە دەتوانێت بیر لە بەکارهێنانی ئەم هێزە نەرمە بکاتەوە، لە سەرەتاشدا دەبێت بیر لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و ناساندنی کولتووری خۆی بکاتەوە، هەروەها لە کرانەوەی لەگەڵ نەتەوەکانی دی و بە سوودوەرگرتن لە هاتنی گەشتیاران و ئەو نووسینگە و کونسولانەی کە لەسەر ئاستی جیهان هەیەتی، دواتریش بیر لە بوونی میدیایەك بکرێتەوە، کە رەنگدانەوەی کولتووری کوردی بێت، ئەگەر بە سەرەتایەکی کەمیش بێت، پێویستە لە خەمی پاراستنی کولتووردا بین بۆ ناوخۆ، لەلایەکی دیکەشەوە لە خەمی ناساندن و بەکارهێنانی کولتوور بین وەك هێزی نەرم.